BEMA بیمە
ڕێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابوری و کۆمەلایەتییەکان
Bema organization for Economic and Social Rights

# ڕەوشـی ژینگەی کوردستان 2022

پرۆژەی ( چاودێری و خستنە ڕووی ڕەوشی ژینگە، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بنیادنانی تواناکان)
لە هەرێمی کوردستان
پرۆژەکە بە هاوبەشی لە نێوان ڕێکخراوی پردێك بۆ-UPP لەگەڵ ڕێکخراوی بیمە جێبەجێکرا،
بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی UNDP و پرۆژەی «HIWAR».


U N D P
Funded by the European Union
بتمويل من الاتحاد الأوروبي
Un ponte per
BEMA بیمە
ڕێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابوری و کۆمەلایەتییەکان
Bema organization for Economic and Social Rights


لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بیمە - زنجیرە - ٣-

ستافی بەڕێوەبردنی پرۆژە:

**بەڕێوەبەری پرۆژە — هیوا عومەر**

**نوسینی ڕاپۆرت -ڕێبین فەتاح**

**پێداچونەوەی - هیوا عومەر**

ڕێکخەرانی پرۆژە - **شەکیوعبدالقادر - بۆتان مەهدی**

تیمی مەیدانی

**ڕێبین فەتاح –کیڤی رجەب**

**دارایی پرۆژە: سنور حەساری**

ڕێکخراوە هاوبەشەکان و UPP بەرپرس نین لە ناوەرۆکی ئەم راپۆرتە

مافی بڵاوکردنەوە و لە چاپکردنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ ڕێکخراوی بیمە.

لە بەڕیوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپادرنی (١٢٠٦) ی ساڵی ٢٠٢٣ ی پێدراوە

# لە بری پێشەکی

پرۆژەی (چاودێری و خستنەڕووی ڕەوشی ژینگە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بنیادنانی تواناکان) لە هەرێمی کوردستان، ئامانجی گشتی ئەم پرۆژەیە، پاڵپشتیکردنی ژینگەی کوردستانە، ئامانجی تایبەتی، چاودێریکردن و خستنەرووی بارودۆخی ژینگە، بالاوکردنەوەی هۆشیاری و بنیادنانی توانای فەرمانبەرانی دەستە و ڕێکخراوەکان و ڕۆژنامەنووسانی بواری ژینگەیە . ئەم پرۆژەیە لە ماوەی پێنج مانگ جێبەجێکرا:

**یەکەم: ئامادەکاری**

ئامادەکاری لە ڕێگەی دوو فۆکس گروپ بۆ نزیکەی 30کەس، لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێرو دهۆک، دواتر هەشت چاوپێکەوتن، (Key Interview Information)ئەنجامدرا.

**دووەم : ڕاهێنانی تواناسازی**

ڕاهێنانی تواناسازی بەشێوەی ئۆن لاین و ڕووبەڕوو بۆ 45 کەس لە بواری ژینگەیی ئەنجامدرا، کە پێک هاتبوون لە چاودێرەکانی ژینگە و چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگەو ڕۆژنامەنووسانی ژینگەیی.

**سێیەم: مۆنیتەری، چاودێری**

چاودێریکردنی ڕەوشی ژینگەی کوردستان لە ماوەی سێ مانگ لە ڕێگەی دوو مۆنیتەر ئەنجامدرا.

**چوارەم: توێژینەوە**

توێژینەوەیەک لەبارەی چۆنیەتی ئیدارەدانی ئاو، هۆکارەکانی پیس بوون و کەم بونەوەی ئەنجامدراوە .

**پێنجەم: لۆبی و ئەدڤۆکەسی**

چەند کۆبونەوەیەک ئەنجامدرا بۆ دروستکردنی تۆرێکی لۆبی و ئەدڤۆکەسی بۆ هۆشیاری ژینگەیی و دروستکردنی فشاروبەدواداچوون و کاری هەرەوەزی. لە کۆتایی پرۆژەکەدا بەردەوام دەبێت

شەشەم: کۆنفرانسی کۆتایی پرۆژە بە بەشداری 100کەس لە شاری هەولێر ئەنجامدرا بە بەشداری بەرپرسانی ناوەخۆیی و ژینگەدۆستان و ڕۆژنامەنووسان .

**حەوتەم: میدیا کەمپین**

کەمپینێک ڕاگەینرا بەناوی (بەیەکەوە دەتوانین ژینگە و ژیانمان بپارێزین) کە چەندین چالاکی میدیایی لە خۆگرتبوو .

لەم پرۆژەیەدا 240 کەسی ڕاستەوخۆو زیاتر لە پێنج هەزارکەس ناڕاستەوخۆ سودمەندبوون .

پرۆژەی ( چاودێری و خستنە ڕووی ڕەوشی ژینگە، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بنیادنانی تواناکان لە هەرێمی کوردستان ( پرۆژەکی بە هاوبەشی نێوان ڕێکخراوی پردێک بۆ UPP–لەگەڵ ڕێکخراوی بیمە جێبەجێ کرا، بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا لە ڕێگەی UNDP و پرۆژەی."HIWAR"

Monitoring the environmental situation, raising awareness, and building capabilities in the environmental field in the Kurdistan Region

The project is implemented by UPP in partnership with BEMA, and funding from the European Union through UNDP through the “HIWAR” project.

## میتۆدۆلۆژی

لەم پرۆژەیەدا بۆ راپۆرتی دیراسی میتۆدی تێکەڵ (method mixed) وەک یەکێک لە میتۆدە گونجاوەکان بەکارهات، سود لە هەردوو میتۆدی چەندایەتی و چۆنیایەتی وەرگیرا بۆ تێگەیشتن لە واقعی ژینگە و ئاستی جێ بەجێ کردنی یاساو رێنماییە ژینگەییەکان، لە رێگەی شێوازی پرسیار نامە، چاوپێکەوتن، فۆکس گروپ، چاودێری، مۆنیتەرینگ.

## بە کورتی لەبارەی رێکخراوی (بیمە) وە

رێکخراوی بیمە بۆ مافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی 2013 دامەزراوە، لە ئەنجامی دەستپێشخەری کۆمەڵێک گەنجی رۆژنامەوان و چالاکوان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

رێکخراوی بیمە بۆمافە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، رێکخراوێکی ناحکومی کوردستانییە ،سەربەخۆیە لە کارو بریاردانی، بڕوای بە کاری خۆبەخشی هەیە، کار دەکات بۆ پتەوکردنی مافە ئابوری و کۆمەلاتیی و ژینگەییەکان.

هۆکاری درستبونی رێکخراوی (بیمە) دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی چەندین پێشێلکاری لە چوارچێوەی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان دەبنەوە.

رێکخراوی(بیمە بۆمافە ئابوری وکۆمەڵایەتییەکان) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەمان بەژمارە (29ک)لەبەرواری 3-3-2013 تۆمارکراوە.

بارەگای سەرەکی رێکخراو لەشاری هەولێرە .

**پێگە میدیایی و ئەلیکترۆنییەکانی رێکخراوی بیمە :**

http://bema-social.org/

https://www.facebook.com/BEMAORG

bemaorganization13@gmail.com

07704094131

## ناوەڕۆک

شێوەکانی پیسبوون و پێشێلکارییەکانی ژینگەیی
یەکەم: پیسبوونی هەوا ........ 7
1. پاڵاوگەکانی نەوت ........ 7
2. ئۆتۆمبێل ........ 9
3. مۆلیدەکانی کارەبا ........ 11
4. گواستنەوەی نەوت ........ 13
5. سوتانی گازی کێڵگەکانی نەوت ........ 14
6. سوتاندنی زبڵ و پاشماوەکان ........ 15
دووەم: پیسبوون و کەمبوونەوەی ئاو ........ 16
یەکەم: پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو ........ 16
1. شلە ئۆرگانییەکان ........ 17
2. پاشەڕۆی شلی پیشەسازیی ........ 18
3. پیسبوون بەهۆی پاشماوەکانەوە ........ 19
4. پاشەڕۆی شلی نەخۆشخانەکان ........ 20
5. کارگەکانی چەوولم ........ 22
6. پاشەڕۆ مرۆییەکان ........ 23
7. دووەم: کەمبوونەوەی ئاو ........ 25
سێیەم: پیسبوونی خاک ........ 29
1. خۆڵ و خاشاک-پاشماوە ڕەقەکان ........ 30
2. پیسبوون بەهۆی چالاکییە کشتوکاڵییەکانەوە ........ 32
3. قڕکەرەکان ........ 33
4. پەینی کیمیایی ........ 34
5. پیسبوون بە مین و تەقەمەنی ........ 34
سووتان و لەناوبردنی دارستانەکان ........ 36
پاڵپشتی ژینگە لە کەرتی نەوت ........ 40
باجی ژینگە لە کەرتی گواستنەوە ........ 43
پێشنیاز و ڕاسپاردەکان ........ 45

### یەکەم: پیسبوونی هەوا

هەرچەند پشکنینەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن، هێشتا هەوای هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەوای هەولێر بەتایبەت بەڕادەی مەترسیدار پیس نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشکنینەکان دەریدەخەن هەوای هەولێر بەگشتی پاک نییە و بەڵکو بەرەو پیسبوونی مەترسیدار دەچێت. ئەنجامەکانی پیسبوونەکانی هەوا کە لە ناوەندی شاری هەولێر وەرگیراون، بەتایبەت لە ناوچە قەرەباڵغەکان بەهۆی ئۆتۆمبێل و لە چەند کاتێکی دیاریکراودا، پیسبوونی هەوا بە ڕادەیەکی زۆر پیشان دەدەن.

چەند هۆکارێک کاریگەرییان لەسەر پیسبوونی هەوای شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی، هەیە. لە خوارەوە هەندێکیان باس دەکەین.



دیمەنێکی ئاسمانی شاری هەولێر لەکاتی خۆرئاوابووندا.

### 1 . پاڵاوگەکانی نەوت

زیاتر لە ٢٠٠ پاڵاوگەی نایاسایی لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی هەن، تەنیا لە پارێزگای هەولێر سەرووی ١٠٠ پاڵاوگەی نایاسایی هەیە، کە لە دەرەوەی هەر مەرج و ڕێوشوێنێکی ژینگەیی کار دەکەن. پاڵاوگەکانی نەوت بەسادەیی لە مەنجەڵێکی گەورەی کوڵاندن دەچن، بەهۆی ناستاندارددییانەوە، سەرچاوەی دەردانی چەندین گازی ژەهراوی و ترسناکن بۆ ناو هەوا.



پاشماوەی نەوتی لە پاڵاوگەیەکی نەوتدا.

ڕاپۆرتە ژینگەییەکان دووپات لەوە دەکەنەوە، کە گرنگترین پیسکەرەکانی دەرهاویشتەی پیشەسازی نەوت بـریتییە لە هایـدرۆکاربۆنات و ئـاویتەی گـۆگرد (ئۆکسـیدی گـۆگرد و هایـدرۆگۆگرد)، هەروەهـا یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و تەنۆلکەی هەڵواسراو و لەگەڵ ئەوانەشدا گۆگردی هایدرۆجین (H2S).

جگە لە چەنـدین بڕیـاری داخسـتن و سـزادانی پـاڵاوگە نایاسـاییەکان لەلایەن لیژنەکـانی ژینـگە و حکوومەتی خـۆجێیی هەولێر و دهـۆک، لە ئەیلـوولی ٢٠١٥ وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان بڕیـاری لەسەر داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان دەرکرد و لیستێکی بەنـاوی (١٩٠) پـاڵاوگەی نەوت بـڵاو کـردەوە و دووپـاتی کـردەوە، جگە لە (٢٦) پـاڵاوگەی نەوت کە دەرفەتـی کـارکردن و مـۆڵەتی پێـدان، دەبێـت تەواوی پاڵاوگە نایاساییەکانی دیکە دابخرێن. لە ساڵی ٢٠١٨یشدا ئەنجوومەنی هەرێمـی نەوت و گـازی کوردستان بڕیاری لەسەر داخستن و چارەسەرکردنی کێشەی پاڵاوگە نایاسـاییەکان دەرکردەوە، بەڵام ئەوکات و ئێستایش پاڵاوگەکان چارەسەر نەکران و وەک خۆیان مانەوە.

هەر لە ئەیلـوولی ٢٠١٥دا، وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان تەندەری دروسـتکردنی سـێ پاڵاوگەی سـتاندارد و گەورەی لە هەولێـر، دهـۆک و سـلێمانی ڕاگەیانـد، بەمەبەسـتی دابینکردنـی بەرهەمەکـانی نەوتـی و دەربـازبوون لە پـاڵاوگە نایاسـاییەکان، بەڵام هـیچ پـاڵاوگەیەکی سـتاندارد دروسـت نەکـرا و ئەنجامی تەندەرەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەبێدەنگ مایەوە.

پاڵاوگە نایاساییەکان کە پاڵاوگەی دژەژینگەن، گازوایل بۆ مۆلیدەکانی کارەبا و بەکاربردنی دیکەی نـاوخۆیی دابـین دەکەن، لەکاتێکـدا حکـوومەت نەیتوانیـوە لەڕێـگەی پەرەپێـدانی کەرتـی پـاڵاوتنەوە، پێشـکەوتنی تەواو لەو بـوارەدا بەدەسـت بهێنێـت و بەرهەمـی پـاڵاوگەی سـتاندارد جـێگەی پـاڵاوگە نایاسـاییەکان بگـرێتەوە. لەبەر ئەوە پـاڵاوگە نایاسـاییەکان وەک پێویسـتییەک بـۆ حکـوومەتی هەرێـم ماونەتەوە.

جگە لە پاڵاوگەکانی نەوت، چەندین کارگە و پاڵاوگەی دیکەی تایبەت بە ڕۆنی ئۆتۆمبێل لە سنووری شارەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، لانیکەم پێنج پاڵاوگەی ڕۆن لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کراوە، وەک کارگەکانی سنووری کەسنەزان، قوشتەپە و کۆیە لە سنووری پارێزگای هەولێردا، کە ڕۆنی کۆن و پیسی ئۆتۆمبێل جارێکی دی پاک دەکەنەوە.

پاڵاوگەکانی دووبارە پاککردنەوەی ڕۆن ئەگەر بە شێوەیەکی ستاندارد کار بکەن، خزمەتێکی زۆر بە ژینگەی کوردستان دەکەن، چونکە ئەرکی ئەو پاڵاوگەیانە، دووبارە بەکارهێنانەوەی بەرهەمەکانی ڕۆنی پیس و بەکارهاتووە، کە وا دەکات ڕۆنەکە لەبری ئەوەی فڕێ بدرێت، جارێکی دی توانای بەکارهێنانەوەی هەبێت، لەڕێگەی دووبارە پاککردنەوە لە پاڵاوگەکاندا.

لانیکەم دوو کێشەی پێوەست بە پاڵاوگە یان کارگەکانی ڕۆنی ئۆتۆمبێل لەڕووی ژینگەییەوە تێبینی دەکرێت، یەکەمیان پەیوەندی بە کوالیتی کارگە و ئامێرەکانەوە هەیە کە ناستاندادرن و سەرچاوەن بۆ پیسکردنی ژینگە؛ دووەمیان پەیوەستە بەو جۆرە ڕۆنەی بەرهەمی دێنن کە بەدواداچوونەکان جەخت لە کوالیتی نزمی ڕۆنەکە دەکەنەوە و ئەوەش جارێکی دی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە دروست دەکاتەوە.

لەبەر ئەوەی کارگەکان لە بنەڕەتدا بەبێ هەبوونی مۆڵەتی ژینگەیی دامەزراون، لەبەر ئەوە لە شوێنی دامەزراندنیشیاندا ڕەچاوی ڕێوشوێنی ژینگەیی نەکراوە، وەک دووری و نزیکی لە ناوچەکانی دانیشتووان و ئاراستەی با و ... هتد، بەڵکو هەندێکیان لەناوچەکانی نیشتەجێبوون بە تەواوەتی نزیکن.

### ٢. ئۆتۆمبێل

تا دێت ژمارە ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی هەڵدەکشێت. هۆکارەکە بۆ شکستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی دەگەڕێتەوە. نەبوونی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی، نەک هەر بووەتە هۆکاری هەڵکشانی لە ڕادەبەدەری بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت، بەڵکو دروستبوونی قەرەباڵغی زۆر لە ناوەندی شارەکاندا، کە وا دەکات ئۆتۆمبێلەکان بڕێکی زیاتر لە سووتەمەنی بەکاربێنن.

سووتاندنی بەنزین یەکێک لە هۆکارەکانی دزەکردن و هەڵکشانی ڕادەی قورقوشمە لە هەوادا. ڕاپۆرتە ژینگەییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئۆتۆمبێل سەرچاوەی دەردانی گازەکانی وەک یەکە ئۆکسیدی کاربۆن، دووانە ئۆکسیدی کاربۆن، ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و دوانە ئۆکسیدی گۆگرد ( No, So2, Co, Co2) و تەنۆلکە هەڵواسراوەکان و چەندانی دیکەیە.

بەگوێرەی داتا فەرمییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان، تا کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٢٢، بەدیاریکراوی دوو ملیۆن و ٢٠ هەزار و ٦٧٢ ئۆتۆمبێل لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە و بەو پێیەش هەر سێ کەس لە هەرێمی کوردستاندا ئۆتۆمبێلێکی بەردەکەوێت. زۆرترین ئۆتۆمبێل لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر تۆمار کراوە کە ملیۆنێک و ٤٠ هەزار و ٥١٦ ئۆتۆمبێلە، پاشان پارێزگای سلێمانی سەرووی ٦٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل و لە پلەی سێیەمیشدا پارێزگای دهۆک کە زیاتر لە ٢٩٠ هەزار ئۆتۆمبێلی تێدا تۆمار کراوە، جگەلە هەزاران ئۆتۆمبێلی دی کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ لە گەرمیان و سۆران تۆمار کراون.

داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە هەڵکشانی خێرای ژمارەی ئۆتۆمبێل دەدەن، لەکاتێکدا مانگانە زیاتر لە ١٠ هەزار ئۆتۆمبێل لە کوردستان تۆمار دەکرێت و تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە ١٢٨ هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستاندا تۆمار کراوە. ئەو ژمارە زۆرەی هاوردەکردن و تۆمارکردنی نوێی ئۆتۆمبێل، ژمارەی ئۆتۆمبێل بەگشتی زیاتر و زیاتر دەکات.

هەڵکشانی ژمارەی ئۆتۆمبێل ڕاستەوخۆ بۆ شکست و پاشەکشەی حکوومەتی هەرێم لە دابینکردنی گواستنەوەی گشتی دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە تێبینی دەکەین زیاتر لە نیوەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستاندا ئۆتۆمبێلی تایبەتە.

لەوبارەیەوە عەمید ئەسعەد مەلا کەریم بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان و ئامار لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە، **"بە داخەوە تا ئێستا گواستنەوەی گشتیی وەکو پێویست نییە و لە ساڵانی هەشتاکان گواستنەوەی گشتی لە ئێستا پێشکەوتووتر بوو، هەرچەندە ئێستا بە هۆی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە جیهاندا ڕووی داوە، گواستنەوەی گشتی زۆر پێشکەوتوو لە دنیادا بە کار دێت. کاتی خۆی لە هەرێمی کوردستان پاس هەبوو کە بۆ نێو شار و گەڕەکەکان تایبەت کرابوو. ئێمە پێمان باشە حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گرنگییەکی تەواو بە گواستنەوەی گشتی بدەن و سوود لەو پێشکەوتنە جیهانییە وەربگرن و لەبری زیادبوونی ئۆتۆمبێل، کار لەسەر دانانی میترۆ و شەمەندەفەر و پاسی پێشکەوتوو بکەن".**

خراپی کوالێتی و ئۆکاتنی بەنزینەکە هۆکارە لە دروستکردنی بڕی زیاتر قورقوشم و بەدڵنیاییەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەنزین و سووتەمەنی بەکارهێنراو لە هەرێمی کوردستاندا، خراپی کوالێتی و نزمی ئۆکتانەکەیەتی. لەکاتێکدا سووتاندنی بەنزین بە سەرچاوەی سەرەکی قورقوشم لە هەوا دادەنرێت، بەدڵنیایی قەرەباڵغی و زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل وا دەکات بڕێکی زیاتر لە قورقوشم لە هەوادا بڵاو ببێتەوە.

ئۆتۆمبێلی تۆمارکراوی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٤ | ٤٦١٩٣ | ٣٦٤٢٦ | ١٩٩٢٩ | ١٠٢٥٤٨ |
| ٢٠١٥ | ٢٩١٥٤ | ٢٢٢٣٧ | ١٠٦٢٧ | ٦٢٠١٨ |
| ٢٠١٦ | ٢٤٨٤٦ | ١٣٨٧٣ | ٦٠٢٩ | ٤٤٧٤٨ |
| ٢٠١٧ | ٤٤٤٤٢ | ٢٥٠٥٦ | ١٠٧٦٦ | ٨٠٢٦٤ |
| ٢٠١٨ | | | | ١٠٠٠٠٠ |
| ٢٠١٩ | ٩٩٣٨٣ | ٥٢٤٧٤ | ٢٠٧٨٣ | ١٧٢٦٤٠ |
| ٢٠٢٠ | ٥٧٦٢٩ | ٢٦٩٨٢ | ١٢٣٦٥ | ٩٦٩٧٦ |
| ٢٠٢١ | | | | ١٢٨٠٠٠ |
| کۆ | | | | ٧٨٧١٩٤ |

**داتای ساڵی ٢٠١٨، بە خەملاندن دیاریکراوە.**

لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا، بەدەوری ٨٠٠ هەزار ئۆتۆمبێلی نوێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆی هەرێمی کوردستاندا تۆمار کراوە. کەمترین ژمارەی ئۆتۆمبێل لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا تۆمار کراوە، ئەوەش بەهۆی کاریگەریی شەڕی داعشەوە و لە ٢٠١٧ بەدواوە، ژمارەکە بۆ دوو ئەوەندە و زیاتر بەرز بووەتەوە.

ئەو هەڵکشانە لە ڕادەبەدەرەی ژمارەی ئۆتۆمبێل چارەسەر نابێت، تا ئەوکاتەی هێڵەکانی گواستنەوەی گشتی کارا نەکرێنەوە. بەدڵنیایی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی ئۆتۆمبێل، کاریگەرییە نەرێنییەکانی سووتاندنی بەنزین بەپلەی یەکەم و گازوایل بە پلەی دووەم کە سووتەمەنی دووەمی ئۆتۆمبێلە لە کوردستاندا، زیاتر دەبێت.

هەڵکشانی ژمارەی ئۆتۆمبێل نەک هەر هۆکاری زیاتر پیسکردنی هەوایە، بەڵکو هۆکاری کوشتنی ڕاستەوخۆی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە هۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆوە. ئامارەکانی هاتوچۆی هەرێم ڕوونی دەکەنەوە، تەنیا ساڵی ڕابردوو چوار هەزار و ١٢٠ ڕووداوی هاتوچۆ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ڕوویان داوە کە بە هۆیەوە ٦٢٣ هاووڵاتی گیانیان لە دەست داوە و زیاتر لە حەوت هەزار و ١٣٧ هاووڵاتیش بریندار بوون.

### ٣. مۆلیدەکانی کارەبا

بەهۆی نەبوونی کارەبای نیشتمانی و شکستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی کارەبای نیشتمانی بۆ هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، بەدرێژایی زیاتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردوو، مۆلیدەکانی کارەبا کە بە گازوایل ئیش دەکەن، کارەبا بۆ گەڕەکەکانی شار و شارۆچکە و شاردێ و گوندەکانی کوردستان دابین دەکەن.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، تا ئابی ٢٠٢٢ تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێردا، هەزار و ٩٥٠ مۆلیدەی کارەبا هەبووە، کە هەزار و ٥٨ مۆلیدە لە ناوەندی شاری هەولێر و ٨٩٢ مۆلیدەی دیکە لە شارۆچکە و شارەدێیەکانی دەوروبەری هەولێر کاریان کردووە. لەگەڵ هەڵکشانی ژمارەی گەڕەکەکان و گەشەی دانیشتووان و نیشتەجێبوون، ژمارەی مۆلیدەکانی کارەبایش زیاتر بەرز بووەتەوە، لەکاتێکدا تا ساڵی ٢٠١٣، ژمارەی مۆلیدەکانی کارەبا لە سنوری پارێزگای هەولێر، هەزار و ٥٤٠ مۆلیدە بوو: سەنتەری شار ٩٤٠ مۆلیدە و دەوروبەر ٦٠٠ مۆلیدە، لەوکاتەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥٠٠ مۆلیدە زیادی کردووە.



دووکەڵی مۆلیدەیەکی کارەبا لە ناوەندی شاری هەولێردا.

بەگوێرەی ئەو خەمڵاندنانەی لە ڕێگەی چەند خاوەن مۆلیدەیەکەوە دەستخراون، هەر مۆلیدەیەک بەشێوەیەکی ئاسایی لە سەعاتێکدا (٤٠) لیتر گازوایل دەسووتێنێت و ڕۆژانە لە کەمترین ئاستدا پێنج سەعات کار دەکەن، بەو جۆرە هەر مۆلیدەیەک لە ڕۆژێکدا لە کەمترین ئاستدا (٢٠٠) لیتر گازوایل دەسووتێنێت، بەو پێیەش بە سەرجەمیان لە ڕۆژێکدا (٣٩٠) هەزار لیتر و لە مانگێکدا (١١) ملیۆن و ٧٠٠ هەزار لیتر گازوایل دەسووتێنن.

ئامارە فەرمییەکان تەنیا ژمارەی ئەو مۆلیدانە پیشان دەدەن کە کارەبا بۆ ماڵان دابین دەکەن، بەڵام سەدان مۆلیدەی دیکەش لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەن کە کارەبا بۆ دامەزراوەکانی حکومی، کۆمپانیا و پرۆژەکان بەگشتی دابین دەکەن، جگەلە دەیان و سەدان مۆلیدەی دیکە کە لەلایەن هاووڵاتییانی ئاساییەوە بۆ دابینکردنی کارەبای ماڵەکانیان بەکاری دەهێنن.

ژمارەی مۆلیدەکان لە پارێزگای هەولێردا

| ساڵ | شاری هەولێر | دەوروبەر | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٧٣٠ | ٢٧٦ | ١٠٠٦ |
| ٢٠١١ | ٨٤٠ | ٥٦٠ | ١٤٠٠ |
| ٢٠١٢ | ٨٣٤ | ٥٤٣ | ١٣٧٧ |
| ٢٠١٣ | ٩٤٠ | ٦٠٠ | ١٥٤٠ |
| ٢٠٢٢ | ١٠٥٨ | ٨٩٢ | ١٩٥٠ |

سەرجەم مۆلیدەکان بە گازوایل ئیش دەکەن، کە کارەبا بۆ ماڵان، دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گشتی دابین دەکەن.

مۆلیدەکانی کارەبا لانیکەم بە دوو جۆری زەق ژینگە پیس دەکەن، یەکەمیان دروستکردنی ژاوەژاو کە بەپێی ڕێنماییەکانی ژینگەیی پێویستە ئامێری کەمکردنەوەی دەنگ بەکاربێنن و ژمارەیەکیان بەکاری نایەنن، دووەمیان بەرێگەی سووتاندنی گازوایل و دەردانی گازە ژەهراوییەکان بۆ ناو هەوا.

مەترسییەکە زیاتر دەبێت، کاتێک دەزانین ئەو گازوایلەی مۆلیدەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاری دێنن، لەڕووی جۆر و کوالێتییەوە خراپە و ئەوەش وا دزەکردنی گازە ژەهراوییەکان بۆ ناو هەوا زیاتر دەکات.

پشکنینەکانی تاقیگەی ناوەندی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشانیان کردووە، ئەو گازوایلەی هەیە، لەگەڵ پێوەر و ستانداردەکان ناگونجێت. بە نموونە، نووسراوێکی تاقیگەی ناوەندی سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە لە ١١ی ئابی ٢٠٢٢ ئاراستەی فەرمانگەی ژینگەی هەولێری کردووە، دەریدەخات چەندین مادەی گازوایلی پشکنراو لە وێستگەیەکی هەولێردا، لەگەڵ ستانداردەکان ناگونجێن، بە نموونە ڕێژەی سلفەر (sulfur) کە بەپێی پێوەری دیاریکراو دەبێت (8000 wt ppm- max) بێت، بەڵام لە پشکنینەکەدا ڕێژەکە (40189) بووە، ئەوەش جیاوازییەکی زۆر گەورەیە.

**٤. گواستنەوەی نەوت**

هێشتا بەشێکی گەورە لە پرۆسەی گواستنەوەی نەوت و بەرهەمەکانی لە هەرێمی کوردستاندا، بەرێگەی تانکەرەوە دەکرێت. گواستنەوەی نەوت بە تانکەر ڕێگەیەکی باش و گونجاو نییە، چونکە هۆکار دەبێت لە دزەکردنی بەشێک لە گازی تواوەی ناو نەوتەکە و لە کۆتایشیدا پیسبوونی هەوا.

جگە لەو بڕە گازەی لە گواستنەوەی سووتەمەنییەکەدا دزە دەکاتە دەرەوە، خودی کارکردن و جوڵەی زۆری تانکەرەکان هۆکارێکە بۆ پیسبوونی هەوا بەهۆی دروستکردن و دەردانی گازی تانکەرەکانەوە، تانکەرەکان ئاسایی بە بەنزین ئیش دەکەن.



وەرگەڕان و سووتانی تانکەرێکی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی نێوان هەولێر-کۆیە.

هەرچەند هیچ داتایەکی نوێ ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تا تشرینی دووەمی ٢٠١٥، ڕۆژانە پێنج هەزار و ٣٧٠ جوڵەی تانکەری گواستنەوەی نەوت و بەرهەمەکانی لە هەرێمی کوردستاندا تۆمار کراوە. ئەوکات وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێشبینی کرد بوو، لەگەڵ باشترکردنی ژێرخانی لولەکانی گواستنەوەی نەوتی هەرێم و گۆڕینی وێستگەکانی کارەبا بۆ کارکردن بە گازی سروشتی لەڕێگەی بۆڕییەوە لەبری تانکەر، ژمارەی جوڵەکانی ڕۆژانەی تانکەر تا چارەکی یەکەمی ٢٠١٨ بۆ هەزار و ٦٤١ جوڵە دابەزێت.

**٥. سوتاندنی گازی کێڵگەکانی نەوت**

هێشتا لە زۆرینەی کێڵگەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، گازی سروشتی-گازی بە یاوەر یان گازی تێکەڵ بە نەوت- دەسوتێنرێت و هێشتا حکوومەت و کۆمپانیاکان دەستیان بە بەرهەمهێنانی گازی کێڵگەکان نەکردووە. سووتاندنی گازی کێڵگەکان یەکێک لە هۆیەکانی دەردانی چەندین گازی ژەهراوییە بۆ ناو هەوا و کاریگەریی گازە ژەهراوییەکانیش بەگوێرەی ئاراستەکانی با لە کێڵگەکان یان شوێنی سوتاندنی گازەکانەوە بەرەو ناوچەکانی دانیشتووان دەگۆڕێت.



هەرچەند توێژینەوەیەکی دیاریکراو بەردەست نییە، بەڵام ئەنجامەکانی توێژینەوەیەک لەبارەی سووتاندنی گازی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک دەریخستووە کاریگەرییەکە بەگوێرەی ئاراستەی با دەگۆڕێت، لەکاتێکدا ئەو بایەی بەپێی کات و وەرزەکان لە ناوچەکانی کێڵگە نەوتییەکە هەڵدەکات بە ئاراستەی دۆکان و سلێمانییە، لەبەر ئەوە کاریگەری گازە ژەهراوییەکان کە لە ئەنجامی سووتاندنی گازی کێڵگەکە دەردەچێت، بە پلەی یەکەم کاریگەریی لەسەر ناوچەکانی دۆکان و پاشان کاریگەری لەسەر سلێمانی دادەنێت.

**٦. سووتاندنی زبڵ و پاشماوەکان**

لەبەر ئەوەی زبڵ و پاشماوە لە هەرێمی کوردستاندا بەرێگەی ستاندارد و زانستی کۆناکرێتەوە و چارەسەری بۆ ناکرێت، لەبەر ئەوە بەگشتی لە زۆرینەی شوێنەکانی کۆکردنەوەدا، دەسووتێنرێت. سووتاندنی زبڵ و پاشماوەکان کە بەشێکی زۆر مادەی پلاستیکی لەخۆدەگرێت، لە تەواوی زبڵدانە سەرەکی و لاوەکییەکاندا تێبینی دەکرێت و زۆرجاریش گومان دەکرێت کارەکە بە ئەنقەست بێت.



فڕێدان و سووتاندنی پاشماوەکان لە سنووری کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر.

ئەگەر پاشماوەکان لە زبڵخانەکانی شارە گەورەکاندا زۆرجار دەسوتێنرێت، پاشماوە و زبڵی سەدان و هەزاران گوند لە سەرتاسەری کوردستاندا، بەگشتی لە شوێنێکی چاڵ و کەندەڵاندا فڕێ دەدرێت و زۆرجاریش دەسووتێنرێت بۆ ئەوەی زیاتر بەسەریەکەوە کەڵەکە نەبێت.

**دووەم: پیسبوون و کەمبوونەوەی ئاو**

لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی لەلایەک بە چەندین هۆکار و شێوە تووشی پیسبوون دەبن و لەلایەکی دی بەردەوام بەرەو دابەزین و کەمبوونەوە دەچن.

هەر سێ شێوەی پیسبوونی ئاو لەڕووی فیزیایی لەڕێگەی تێکەڵکردنی زبڵ و پاشماوەکان یان کیمیایی لەڕێگەی هەڵڕشتنی پاشماوەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵییەکانەوە بۆ ناو سەرچاوەکانی ئاو و یان پیسبوون لەڕووی بایۆلۆجییەوە بەهۆی هەڵکشانی ڕێژەی بەکتریا یان کەڕوو و زیندەوەرێک لەناو سەرچاوەکانی ئاودا.



**یەکەم: پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو**

ڕژانی نەوت و خستنە ژێر خاک و داپۆشینی ناستاندارد و نازانستییانەی پاشماوەکان بەگشتی و پاشماوە تەندروستی و پیشەسازییەکان بەتایبەتی کە بە پاشماوە مەترسیدارەکان ناودەبرێت، هەموو ئەوانە و چەندانی دیکە هۆکارن بۆ پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی.

پیسکەرەکانی ئاو زۆر و جیاوازن، پاشماوەی نەوت و پرۆژەکانی پیشەسازی بەگشتی، پاشماوەکانی تەندروستی کە بەبێ چارەسەری زانستی فڕێ دەدرێن یان تێکەڵ بە ئاوەڕۆی گشتی دەکرێن و لەوێوە دەڕژێتە ناو ڕووبارەکانەوە. پەینی کیمیایی و قڕکەرەکان کە لە پرۆژەکانی کشتوکاڵیدا بەکاردێن، بە سەرچاوەیەکی دیکەی پیسبوونی خاک و ئاو دادەنرێت.

### 8. شلە ئۆرگانییەکان

پاشەڕۆی کوشتارگەکان بەگشتی پیسکەرە ئۆرگانییە شلەکان پێکدێنن، ئاوەکانیان پێکهاتەی چڕی مادە ڕەقە هەڵواسراوەکان (S.S) و چەوری ئۆرگانی لەخۆدەگرێت. ژمارەیەک لە کوشتارگەکان بەتایبەت کوشتارگەکانی کەرتی تایبەت نە ئامێری تایبەت بە سووتاندنیان هەیە و نە سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆیان هەیە. بەڵکو لە زۆر حالەتەکاندا پاشەڕۆی کوشتارگەکان ڕاستەوخۆ دەڕژێتە سەر زەوییەوە و تێکەڵی ئاوڕۆی گشتی دەبێت، یان ئەوەی لە هەندێک دۆخدا پاشەڕۆی کوشتارگەکە ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی وەک زێ و ڕووبارەکان و لەناویشیاندا کوشتارگەی کۆیە لە سنووری پارێزگای هەولێر کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئاوی ڕووباری کۆیە دامەزراوە و ئاوەکەی تێکەڵ بە زێی بچووک دەبێتەوە لە سنووری تەقتەقدا.

خشتەی خوارەوە، داتای کوشتارگەکانی ئاژەڵ و پەلەوەر و قەبارەی پاشەڕۆکانیان ڕوون دەکاتەوە.

کوشتارگەکان لە هەرێمی کوردستان

| نیشاندەرەکان | ساڵ | بەها |
|---|---|---|
| ژمارەی کوشتارگە | ٢٠٢٠ | ٤١ |
| ژمارەی کوشتارگەی گۆشتی سوور | ٢٠٢٠ | ٣١ |
| ژمارەی کوشتارگەی پەلەوەر | ٢٠٢٠ | ١٠ |
| ژمارەی کوشتارگەی کە مۆڵەتی تەندروستی هەیە | ٢٠١٧ | ١٢ |
| ژمارەی کوشتارگەی کە مۆڵەتی ژینگەی هەیە | ٢٠١٧ | ١١ |
| پاشماوەی شل بەگشتی /م3 لەساڵێک | ٢٠١٣ | ١٩٥.١٤٢ |
| پاشماوەی شل لە کوشتارگەی گۆشتی سوور/م3 لەساڵێک | ٢٠١٣ | ١١٩.٢٤٦ |
| پاشماوەی شل لە کوشتارگەی پەلەوەر/م3 لەساڵێک | ٢٠١٣ | ٧٥.٨٩٦ |

سەرچاوە: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو / ب. گ. سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری

تەواوی کوشتارگەکان مۆڵەتی تەندروستی یان ژینگەیان نییە، بەدڵنیاییەوە لە دەرەوەی کوشتارگەکان هێشتا ژمارەیەکی زۆر هەم لە ئاژەڵ و هەم لە پەلەوەر لە دەرەوەی کوشتارگەکان و ڕاستەوخۆ لە فرۆشگە بچووکەکانی ناو گەڕەکەکان و ماڵەکان کە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە، سەردەبردرێن و پاشەڕۆ شلەکانیان ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە ئاوەڕۆی گشتی دەکرێت و پاشەڕۆی دیکەیان لەگەڵ پاشماوەی گشتی فڕێ دەدرێت. بەشێوەیەکی ئاسایی، کوشتارگە یان فرۆشگە بچووکەکانی پەلەوەر (مریشک) ژمارەکانیان لە هەر شارێکدا بە سەدانە و لە ڕووی چارەسەری پاشەڕۆوە لە دەرەوەی هەر پێوەرێکی ژینگەیی و تەندروستی کار دەکەن.

### 9. پاشەڕۆی شلی پیشەسازیی

هەموو ئەو پاشەڕۆ و پاشماوە شلە دەگرێتەوە لە پرۆژە پیشەسازییەکاندا دروست دەبێت و بەبێ چارەسەرکردن تێکەڵ بە سەرچاوەکانی ئاو دەکرێت. لەناویاندا پاشماوەی شلی پاڵاوگەکانی نەوت و هەندێکجار پاشماوەی شلی نەوتی لە کێڵگەکانی نەوت و هەروەها تەواوی ئەو کارگە و پرۆژە پیشەسازییانەی کە یەکەی چارەسەریی پاشماوەی شلیان نییە.



پاشماوەی نەوتی و هەڵڕشتنی و تێکەڵبوونی بە خاک و سەرچاوەکانی ئاو.

پاشماوە پیشەسازییەکان هۆکاری سەرەکین لە پیسبوونی ئاو، کە پاشماوەکانیان بەبێ هیچ چارەسەرییەکی زانستی فڕێ دەدەنە ناو سەرچاوەکانی ئاوەوە. بەو هۆیەوە ئاوەکە پیس دەبێت و هاوسەنگییەکەی لە دەست دەدات.

وا دەردەکەوێت پاڵاوگەکانی نەوت لە پێش هەموو پرۆژە پیشەسازییەکانی دیکەوە بن لە پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاودا، بەهۆی زۆری ژمارەیان و هەروەها ناستانداری خودی ئامێرەکانی پاڵاوگەکان و شێوازی کارکردنیان لە هەڵڕشتنی پاشماوە شلەکانیان بۆ ناو چەم و دۆڵ و زەوییە کشتوکاڵییەکان و دواجار تێکەڵبوون بە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی لە زێ و ڕووبارەکان و هاوکات بوونە هۆکارێکیش بۆ پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی.

هەبوونی زیاتر لە ٢٠٠ پاڵاوگەی نایاسایی و ناستاندارد لە هەرێمی کوردستاندا، نەک هەر بەهۆی دزەکردنی گازە ژەهراوییەکانەوە بوونەتە هۆی پیسکردنی هەوا، بەڵکو بەهۆی نەبوونی یەکەی چارەسەری ئاو و ڕژانی نەوتی پیسەوە، بوونەتە هۆکارێکی کاریگەر لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو. لەکاتێکدا پاشماوەی شلی پاڵاوگەکانی نەوت ڕاستەوخۆ دەڕژێتە سەر خاک و لەرێگەی جۆگەلەی ئاساییەوە تێکەڵ بە سەرچاوەکانی ئاو دەبێت.

پیشەسازی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، لە زۆر ئاست و بواردا تێبینی پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاوی تێدا دەکرێت، لەکاتێکدا نەوت و بەرهەمەکانی بەرێگەی تانکەرەوە دەگوازرێنەوە، ڕۆژانە ڕووداوەکانی وەرگەڕان و ڕژانی نەوتی تانکەرەکانی گواستنەوە ڕوودەدات و هەزاران لیتر لە نەوت و بەرهەمەکانی تێکەڵ بە خاک و سەرچاوەکانی ئاو دەبن. کارەساتەکە گەورەتر دەبێت کە تا ئێستا هیچ بڕیار و ڕێنماییەک نییە کە بەڵێندەرەکانی گواستنەوەی نەوت پابەند بکات بە قەرەبووکردنەوەی ژینگەیی لە حاڵەتی ڕژانی نەوتەکە و پاککردنەوەی شوێنەوارەکانی.

لە کێڵگەکانی نەوتیشدا چەند حاڵەتی ڕژانی نەوت و پاشماوەی نەوتی ڕاستەوخۆ بۆ چاڵی سروشتی و دەستکرد تێبینی کراوە، لەکاتێکدا کۆمپانیاکانی نەوت دەبێت نەوتەکە بخانە چاڵی کۆنکرێتییەوە و پاشان چارەسەری بکەن نەک ئەوەی ڕاستەوخۆ فڕێ بدرێتە چاڵ و دۆڵەکانەوە وەک ئەوەی پێشتر لە سنووری چەند کێڵگەیەکی نەوتدا تێبنی کراوە، لەناویاندا کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە سنووری پارێزگای هەولێردا.

### 10. پیسبوون بەهۆی پاشماوەکانەوە

زۆرجار پاشماوەکان ڕاستەوخۆ دەڕژێنرێنە ناو چەم و ڕووبارەکانەوە، بەدیاریکراوی پاشماوەی ئەو شارەدێ و گوندانەی کە کەوتوونەتە سەر ڕووبارەکانەوە یان نزیکن لە سەرچاوەکانی ئاوەوە. لەبەر ئەوەی پاشماوەی گوندەکان بەتایبەت کۆناکرێتەوە، بەگشتی هەر لەلایەن خەڵکەکەوە کۆدەکرێتەوە و فڕێ دەدرێت.

شارەوانییەکان تەنیا بەرپرسن لە کۆکردنەوەی پاشماوە لە شار، شارۆچکە و شارەدێیەکاندا، شارەوانییەکان لە هەڵگرتنەوەی پاشماوەی گوندەکان بەرپرس نین، لەبەر ئەوە کەمترین پاشماوەی گوندەکان هەڵدەگیرێتەوە.

بەگوێرەی ڕووپێوییە ژینگەییەکەی ساڵی ٢٠١٠ کە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، ناوچەکانی شارنشین بەرێژەی ٩٦.٧٪ خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشماوەیان پێدەگات، لە بەرانبەر ڕێژەی ١٠.٨٪ لە گوندەکاندا. بەکۆی گشتی بەرێژەی ٨١.٣٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشماوەکانیان پێدەگات و زۆرینەی ئەوان لە شارەکاندان. لە کاتێکدا خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشماوە لە گوندەکاندا زۆر لاوازە. لە پارێزگای هەولێر ٨.٧٪، پارێزگای سلێمانی ١٣.٠٪ و پارێزگای دهۆک ١٠.٥٪ خزمەتگوزاری کۆکردنەوەی پاشماوە لە گوندەکاندا هەیە.



فڕێدانی پاشماوەی گوندێک لە سەر زێی گەورە لە خوارووی هەولێر.

بەگـوێرەی ڕووپێـوییەکە، بەڕێـژەی (٧٣.١٪)ی پاشـماوەکان لە هەرێمـی کوردسـتان لە شـوێنێک دەشـاردرێنەوە کە ڕەزامەنـدی ژینگەی لەسـەر نییە، بەڕێژەی (٥٨.٣٪)ی پاشـماوەکان دەسـوتێنرێن، بەڕێژەی (٣٠.٣٪) لە گۆڕەپانی چۆڵ فڕێ دەدرێت، بەڕێژەی (٥.٤٪)ی لە شـوێنێک دەشاردرێتەوە کە ڕەزامەندی ژینگەی لەسەر هەیە و بەڕێژەی ١٪ زیاتر بەڕێگەی دی چارەسەر دەکرێت.

هەرچەند ئەو ڕێژانە لەو ساڵانەی دواییدا، بەدڵنیایی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام وێنەیەکی گشتی بارودۆخەکە لە پێشتر و تا ئێستا ڕوون دەکەنەوە.

جگە لەو پاشماوەیەی ڕاستەوخۆ تێکەڵی سەرچاوەکانی ئاو دەکرێت، هەموو ئەو پاشماوەیەش کە لە چالاییەکاندا و بەشێوەیەکی نازانستی کەڵەکە دەکرێت و ژێرخاک دەخرێت، جارێکی دیکە لەڕێگەی ئاوی باران یان لافاوەوە تێکەڵی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی دەبێتەوە.

### 11. پاشەڕۆی شلی نەخۆشخانەکان

بەدەگمەن نەخۆشـخانەکانی حکومی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمی چارەسـەری پاشـەڕۆی شـلیان هەیە، سـەرجەم پاشـەڕۆی شـلی نەخۆشـخانە و بنکەکـانی تەندروسـتی تـێکەڵ بە ئاوەڕۆی گشـتی دەکرێت. ئەوەش بە یەکێک لە سـەرچاوە مەترسـیدارەکانی پیسـبوونی سـەرچاوەکانی ئاو و خاک دادەنرێت.

زۆریـنەی هەرە زۆری نەخۆشــخانە و بـنکە تەندروســتی و ســەنتەرەکانی پزیشـکی لە هەرێمـی کوردستاندا، سیستەمی ئاوەڕۆ و یەکەی چارەسەری ئاویان نییە، بەڵکو ئاوەڕۆکەیان ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە ئـاوەڕۆی گشـتی دەکرێـت، ئەوەش بە مەترسـییەکی گەورە لەسـەر ژینگە و تەندروسـتی دادەنرێـت. خشـتەی خـوارەوە، هەنـدێک لە بـنکە و نەخۆشـخانە حکومییەکـانی ناوەنـدی هەولێـر پیشـان دەدات کە یەکەی چارەسەری ئاویان نییە.

یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکاندا

| ژ | بنکە و نەخۆشخانە | یەکەی چارەسەری ئاوڕۆ |
|---|---|---|
| ١ | نەخۆشخانەی ڕزگاری | هەیەتی و کارناکات. |
| ٢ | نەخۆشخانەی لەدایکبوون | هەیەتی و کارناکات. |
| ٣ | نەخۆشخانەی نانەکەلی | نیەتی |
| ٤ | بنکەی تەندروستی ئازادی خێزانی | نیەتی |
| ٥ | سەنتەری لەیلا قاسم بۆ نەخۆشی شەکرە | نیەتی |
| ٦ | نەخۆشخانەی نافع ئاکرەیی | نیەتی |
| ٧ | نەخۆشخانەی فێرکاری | نیەتی |
| ٨ | بنکەی تەندروستی کوردستان | نیەتی |
| ٩ | نەخۆشخانەی چاو | نیەتی |
| ١٠ | نەخۆشخانەی ڕاپەڕین بۆ منداڵان | نیەتی |
| ١١ | بنکەی تەندروستی ژیان | نیەتی |
| ١٢ | نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی | نیەتی |
| ١٣ | بنکەی تەندروستی خواکورک | نیەتی |
| ١٤ | نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات | نیەتی |
| ١٥ | بنکەی تەندروستی نازدار بامەڕنی | نیەتی |
| ١٦ | بنکەی تەندروستی مەلا فەندی | نیەتی |

سەرچاوە: فەرمانگەی ژینگەی هەولێر- کۆتایی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢

خشـتەی سـەرەوە، ژمـارەیەک لە نەخۆشـخانە و بنکەکـانی تەندروسـتی پیشـان دەدات کە یەکەی چارەسـەری ئاوەڕۆیـان نییە و تەواوی ئـاوەڕۆی ئەو نەخۆشـخانانە ڕاسـتەوخۆ تـێکەڵ بە ئـاوەڕۆی گشتی دەکرێت.

بەدڵنیایی خشتەی سەرەوە، کۆی نەخۆشـخانە و بنکە تەندروستییەکان ڕوون ناکاتەوە کە یەکەی چارەسەری ئاوڕۆیان نییە، بەڵکو بارودۆخەکە لە دەرەوەی سەنتەری هەولێردا زۆر خراپترە، لەکاتێکدا بەنزیکەی تێکڕای هەمـوو ئەو نەخۆشـخانە و بنکە تەندروسـتیيانەی کەوتـووتەنە دەرەوەی سـەنتەری شاری هەولێر، هیچ کامیان یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆیان نییە.

جیا لە نەخۆشـخانە حکومییەکـان، نەخۆشـخانە و بنکە تەندروسـتییەکانی کەرتـی تـایبەت بەهەمـان شێوە، ژمارەیەکی زۆریان یەکەی چارەسەری ئاوڕۆیان نییە.

جگە لە پاشـەڕۆی شـلی نەخۆشـخانە و بنکە تەندروسـتییەکان زۆرجـار تێبینـی دەکرێت پاشـماوەی ڕەقی نەخۆشـخانەکان لەبری سـووتاندنی لە کورەی تایبەتدا، تـێکەڵ بە پاشـماوەی گشـتی دەکرێت و فـڕێ دەدرێـت، لەکاتێکـدا پاشـماوە تەندروسـتییەکان دەشـێت زۆر مەترسـیداربن و بە هـیچ شـێوەیەک ناتوانرێت تێکەڵ بە پاشماوەی گشتی بکرێت و دەبێت بەتایبەت چارەسەر بکرێت.

هەرچەنـد داتـا و ڕووپێـوییەکی نـوێ لە هەرێمـی کوردسـتان بەردەسـت نیـیە، بەڵام ڕووپێـوییە ژینگەیـیەکەی سـاڵی ٢٠١٠ ڕوونـی دەکـاتەوە، ڕۆژانە (٩٢٥٢)کگـم لە پاشـماوە ترسـناکەکان لەلایەن شارەوانییەکانەوە کۆدەکرێنەوە، زۆرینەی لە هەولێرە (٦٠٥٧)کگم لە ڕۆژێکدا. ناوەندە تەندروستییەکان بەرێژەی (٦٨.٤٪) بەشداری لە پێکهێنانی پاشماوە ترسناکەکاندا دەکەن.

هەرچی پەیوەندی بە پاشەڕۆی قورسـی نەخۆشـخانە و بنکە تەندروسـتییەکانەوە هەبێت، بە هەمـان شێوەی پاشـەڕۆی ماڵان دەخرێتە بیر و حەوزی ئاسـاییەوە و پاشـان بەرێگەی تـانکەرەوە لە دەشت و دۆڵەکان هەڵدەڕێژرێت، پاشەڕۆی مرۆیی نەخۆشـخانەکان بەگشتی هەر لە ڕێگەی تـانکەرەوە لە کەند و دۆڵەکاندا فڕێ دەدرێت، بەبێ هیچ چارەسەرێکی زانستی.

### 12. کارگەکانی چەوولم

سـەدان کـارگەری چەوولـم لەسـەر ڕووبـار و چەمەکـان لە سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتاندا کـار دەکەن. پانتـاییەکی بەرفـرەوان لە کەنـاری ڕووبـار و چەمەکـان لەلایەن کارگەکـانی چەوولـمەوە بەکاردەهێنرێـت و بەگشــتی ئەو کارگـانە هۆکـارن بـۆ گـۆڕینی ڕێـڕەوی ڕووبارەکـان و شـێواندنی سروشتی کەنارەکان و لە کۆتاییشدا پیسکردنی جۆری ئاوەکە.

بەگشتی ئەو کەنارانەی کارگەکانی چەوولم کاریان لەسـەر کردووە و دەکەن، زۆرجـار نـاوچەی پڕ لە دار و درەختن، وەک کەناراوەکـانی زێـی بچووک لە سـنوری کۆیە لە پارێزگـای هەولێر کە بەهـۆی کارگەکـانەوە هەزاران درەختـی گەورە و بچـووک لەنـاوبردراوە و پانتـاییەکی بەرفرەوانـی کەنـارەکەش بووەتە بەردەڵان.



کارگەیەکی چەوولم لە سەر زێی بچووک لە دەشتی کۆیە.

### 13. پاشەڕۆ مرۆییەکان

پاشەڕۆ مرۆییەکان مەبەست لە میز و پیسایی مرۆڤە. لە هەرێمی کوردستاندا، پاشەڕۆی مرۆڤ لە شارەکاندا بەدیاریکراوی لەڕێگەی بیری ئاساییەوە دادەپۆشرێت کە لە ڕێگەی کونیلەکانی خاکەوە دزە دەکاتە ناو سەرچاوەکانی ئاوەوە. لە زۆر گوند و شارەدێ و شارۆچکەشدا کە لەسەر چەم و ڕووبار و زێیەکان هەڵکەوتوون، پاشەڕۆ مرۆییەکە ڕاستەوخۆ دەرژێنرێتە ناو سەرچاوەکانی ئاوی زێ و ڕووبارەکانەوە، ئەوە پیسبوونێکی مەترسیدار لە ئاوی زێ و ڕووبارەکان دروست دەکات.

جگە لە پاشەڕۆ مرۆییەکان، یەکێک لە هۆیەکانی دیکەی پیسبوونی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی تێکەڵکردنی ئاوەڕۆی گشتی شارەکانە بە سەرچاوەکانی ئاو لە زێ و ڕووبارەکان و بەبێ پاککردنەوەی ئاوەڕۆ گشتییەکە.



ئاوڕۆی گشتی هەولێر لە گەڕەکەکانی خوارووی شارەکەدا.

## دووەم: کەمبوونەوەی ئاو



دیمەنێک لە ڕووباری کۆیە.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەشێوەیەکی زۆر خێرا ئاستی ئاوی ژێرزەوی و سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو دابەزین و کەمبوونەوە چووە. دابەزینی ئاوی ژێرزەوی هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی بەردەوامی بیری قوڵ لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا. ئاوی بیرە قوڵەکان بەمەبەستەکانی ئاوی خواردنەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی بەکاردەهێنرێت. لە خشتەی خوارەوە، ژمارەی بیرە مۆڵەتپێدراوەکان لە پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان و بەگوێرەی جۆرەکانیان ڕوون کراوەتەوە.

ژمارەی بیرە مۆڵەتدراوەکان و جۆرەکانیان لە هەرێمی کوردستان

هەولێر

| ساڵ | خواردنەوە | کشتوکاڵ | پیشەسازی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | ٣٣٩٩ | ٣٦٥٧ | ١٣٠ | ٧١٨٦ |
| ٢٠١٦ | ٣٦٧٩ | ٣٦٧٩ | ١٦٠ | ٧٥١٨ |
| ٢٠١٩ | ٤١٤٩ | ٤٥١٦ | ١٦٤ | ٨٨٢٩ |
| ٢٠٢١ | ٤٢٢٠ | ٤٨٣١ | ١٦٤ | ٩٢١٥ |

دهۆک

| ساڵ | خواردنەوە | کشتوکاڵ | پیشەسازی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | ١٢٧٦ | ١١٢٠ | ٧٢ | ٢٤٦٨ |
| ٢٠١٦ | ١٣٧٤ | ١٤٣٥ | ٩٧ | ٢٩٠٦ |
| ٢٠١٩ | ١٤٣٨ | ١٨٥٠ | ٩٨ | ٣٣٨٦ |
| ٢٠٢١ | ١٤٧٧ | ٢٠١٧ | ١١٩ | ٣٦١٣ |

| سلێمانی | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | خواردنەوە | کشتوکاڵ | پیشەسازی | کۆ |
| ٢٠١٣ | ٥٨٣٨ | ٢٥٩٨ | ٣٦٥ | ٨٨٠١ |
| ٢٠١٦ | ٦٠٧٧ | ٢٩٣٨ | ٤٥٩ | ٩٤٧٤ |
| ٢٠١٩ | ٦١٣٩ | ٢٩٩٥ | ٤٧٨ | ٩٦١٢ |
| ٢٠٢١ | ٦١٧٠ | ٣٠٢٨ | ٤٨٨ | ٩٦٨٦ |
| گەرمیان | | | | |
| ساڵ | خواردنەوە | کشتوکاڵ | پیشەسازی | کۆ |
| ٢٠١٣ | ٤٤٥ | ٧٤٩ | ١٥٩ | ١٣٥٣ |
| ٢٠١٦ | ٤٨٩ | ٩٥١ | ١٧١ | ١٦١١ |
| ٢٠١٩ | ٥٠٠ | ١٠٥٨ | ١٧٧ | ١٧٣٥ |
| ٢٠٢١ | ٥٠٧ | ١١١٠ | ١٧٩ | ١٧٩٦ |

وەک لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت، تا ساڵی ڕابردوو، ٢٤ هەزار و ٣١٠ بیری قوڵی مۆڵەتدراو لە هەرێمی کوردستان هەڵکەندراوە. زۆرینەی بیرەکان لە پارێزگای سلێمانی و لە پلەی دووەمیشدا پارێزگای هەولێر دێت، پاشان پارێزگای دهۆک و ئیدارەی گەرمیان. جگە لە هەزاران بیری دیکەی پایل کە بەشێوەی نایاسایی لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان هەڵکەندراون و تا ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی بیرەکانی پایل/سورِیایی بە سێ هەزار و ٧٥٠ بیر مەزندە کراوە و ئێستاش ژمارەکە زۆر زیاتر هەڵکشاوە. هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن بەگشتی نزیکەی ٣٠ هەزار بیری نایاسایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڕادەیەک کە ژمارەی بیرە نایاساییەکان لە بیرە یاسایی و بە مۆڵەتەکان زیاترە.



هەڵکەندنی بیری قەدەغەکراو لە ڕۆژئاوای کۆیە-پارێزگای هەولێر.

هەڵکەندنی بیری قوڵ و دەستبردن بۆ ئاوی ژێرزەوی لەکاتێکدایە، هەرێمی کوردستان چەندین سەرچاوی ئاوی سەرزەوی هەیە و نەتوانراوە سوودیان لێوەربگیرێت، بەدیاریکراوی زێ و رووبارە گەورەکان. لە هەمان کاتدا، بەکارهێنانی بەرفرەوانی ئاوی ژێرزەوی لەرێگەی بیرە قوڵەکانەوە، هۆکارێکی کاریگەر بووە لە دابەزینێکی زۆر خێرا لە ئاستی ئاوی ژێرزەوی کە بە سەدان مەتر دادەنرێت.

کێشەکە بە شێوەیەکە، نەک هەر بۆ خواردنەوە، بەڵکو ئاوی ژێرزەوی بۆ هەموو مەبەستەکانی دیکەی پیشەسازی و پرۆژەی تایبەت بەکاردێت، ئەو پرۆژانەش تەنانەت یەکەی چارەسەری ئاویان نییە و برێکی زۆر لە ئاوی ژێرزەوی بەهۆیەوە بەفیرۆ دەدەن.

بەگوێرەی راپۆرتە ژینگەییەکان دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی کاریگەری نەرێنی لەسەر جۆری ئاو هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆکاری زیابوونی رێژەی توخمە کیمیاییە زیانبەخشەکان کە بە چیتر شیاوی خواردنەوە نەبێت و بەوەش دەگوترێت (پیسبوونی کیمیایی) و لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەرەکانی پیسبوونی بەکتریۆلۆژیش زیاتر دەکات.

داتا فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کەمبوونەوە و وشکبوونێکی سەرنجراکێش لە ژمارەی کانیاو و کارێزەکان پیشان دەدەن.

کانیاوەکان لە هەرێمی کوردستان

| هەولێر | ژمارەی کانیاوەکان | کانیاوی وشکبوو | کانیاوی بەردەوام |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | ١٨٣٦ | ٦٠٣ | ١٢٣٣ |
| ٢٠١٦ | ٦٠ | ٧ | ٥٣ |
| دهۆک | | | |
| ٢٠١٣ | ٣٠٢٨ | ٧٥٧ | ٢٢٧١ |
| ٢٠١٦ | ٣٠٢٨ | ٧٥٧ | ٢٢٧١ |
| سلێمانی | | | |
| ٢٠١٣ | ٣٥٣ | ١١٥ | ١٣٨ |
| ٢٠١٦ | ٢٢٠ | ١٩٤ | ٢٦ |
| گەرمیان | | | |
| ٢٠١٣ | ٥٧ | ٣٧ | ٢٠ |
| ٢٠١٦ | ٥٧ | ٣٥ | ٢٢ |

لەماوەی ساڵی ٢٠١٣دا، ژمارەی کانیاوەکان لە هەرێمی کوردستاندا بە پێنج هەزار و ٢٧٤ کانیاو دەستنیشان کراوە، کە هەزار و ٥١٢ کانیاویان وشک بوون. لە ٢٠١٦دا، ژمارەکە بۆ سێ هەزار و ٣٦٥ کانیاو لە کورتی داوە و لەو ژمارەیەشدا ٩٩٣ کانیاو وشک بوون کە دەکاتە رێژەی زیاتر لە (٢٩٪)ی تەواوی کانیاوە تۆمارکراوەکان و تەنیا دوو هەزار و ٣٧٢ کانیاو ماونەتەوە.

جگە لە کانیاوەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا، هەزاران لە کارێزەکان وشک بوون. ئەو دیاردەیە بەتایبەت لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی تۆمار کراوە، کە زۆرترین ژمارەی کارێزەکانیان لەخۆگرتووە. خشتەی خوارەوە، باری کارێزەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە.

کارێزەکان لە هەرێمی کوردستاندا

| هەولێر | ژمارەی کارێزەکان | کارێزی وشکبوو | کارێزی بەردەوام |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٣ | ١٨٢ | ١٦١ | ٢١ |
| ٢٠١٦ | ٨٧ | ٧٧ | ١٠ |
| دهۆک | | | |
| ٢٠١٣ | ٣ | ٠ | ٣ |
| ٢٠١٦ | ٥ | ٢ | ٣ |
| سلێمانی | | | |
| ٢٠١٣ | ١١٦٧ | ٢٣١ | ٢٦٣ |
| ٢٠١٦ | ١٢٢٢ | ١٠١٦ | ٢٠٦ |
| گەرمیان | | | |
| ٢٠١٣ | ١٩ | ١٠ | ٩ |
| ٢٠١٦ | ١٩ | ١٠ | ٩ |

ساڵی ٢٠١٣، زانیاری لەسەر باری ٦٧٣ کارێز لە پارێزگای سلێمانی بەردەست نەبووە.

وەک لە خشـــتەی ســـەرەوەدا ڕوون دەبێـــتەوە، ســـاڵ بە ســـاڵ ژمـــارەی کارێزەکـــان لە هەرێمـــی کوردستاندا بەرەو کەمبوونەوە و وشکبوون دەچن. لە ساڵی ٢٠١٣دا، لە هەرێمی کوردستان هەزار و ٣٧٦ کارێز تۆمار کراوە، کە لانیکەم ٤٠٢ لە کارێزەکان بە تەواوەتی وشکبوون، جگە لەوەی زانیاری لەسـەر بـاری ٦٧٣ کـارێز لە پارێزگـای سـلێمانی نەبـووە و بەدڵنیـاییەوە ژمـارەیەک کـارێزی دیکەی وشـکبوو لەخۆدەگرێـت. ژمـارەی کارێزەکـان لە ٢٠١٦دا، بە هەزار و ٣٣٣ کـارێز تۆمـار کـراوە و لەو ژمارەیەشـدا هەزار و ١٠٥ کـارێز وشـکبوون کە دەکـاتە بەڕێـژەی (٨٣٪)ی تەواوی کارێزەکـان کە تـا ساڵی ٢٠١٦ وشک بوون.

کەمبـوونەوەی سـەرچاوەکانی ئـاوی سـەرزەوی و هەروەهـا کەمبـوونەوەی ئاسـتی ئـاو لە زێ و ڕووبارەکاندا، دەبێتە هۆی پیسبوونی زیاتر لە سەرچاوەکانی ئاودا، ئەوە لەکاتێکدا کە دروستکردنی بەنداوە گەورەکان لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە هەڕەشە و مەترسی جدی لەسەر چەندین زێ و ڕووبار لە کوردستان دروست کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو لەناوخۆدا و پیسکردنی، ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکەی خراپتر کردووە.

## پیسبوونی خاک

کارتێکەرەکانی ژینگە زۆرجار کاریگەرییان لەسەر هەر سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی هەوا، ئاو و خاک هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، پیسبوونی خاک بەهۆی چالاکییە نادروستەکانی مرۆڤەوە ڕوودەدات. پیسبوونی خاک بەهۆی چالاکیە مرۆییەکانەوە زۆر شێوە و جۆری هەیە، وەک گۆڕینی ڕەگەزی خاک لە کشتوکاڵی یان سروشتی خۆیەوە بۆ تەلار و خانوو، بەو هۆیەشەوە چیتر سوودی سروشتی زەوی یان خاک کۆتایی دێت. هەروەها پیسبوون بەهۆی فڕێدانی نازانستییانەی پاشماوە پیشەسازیی و پزیشکییەکان چ شل و چ قورس، یان پیسبوونی خاک بەهۆی فڕێدانی پاشماوە ئەلیکترۆنییەکان، مادە تیشکدەرەکان و ئاودێریی زۆر و سوێربوونی خاک، هەروەها مادە کیمیاییەکان وەک قڕکەرەکان و پەین کە لە کشتوکاڵدا بەکاردێن.

کارتێکەرەکانی ژینگە زۆرجار کاریگەرییان لەسەر هەر سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی هەوا، ئاو و خاک هەیە. لەو چوارچێوەیەدا، پیسبوونی خاک بەهۆی چالاکییە نادروستەکانی مرۆڤەوە ڕوودەدات. پیسبوونی خاک بەهۆی چالاکیە مرۆییەکانەوە زۆر شێوە و جۆری هەیە، وەک گۆڕینی ڕەگەزی خاک لە کشتوکاڵی یان سروشتی خۆیەوە بۆ تەلار و خانوو، بەو هۆیەشەوە چیتر سوودی سروشتی زەوی یان خاک کۆتایی دێت. هەروەها پیسبوون بەهۆی فڕێدانی نازانستییانەی پاشماوە پیشەسازیی و پزیشکییەکان چ شل و چ قورس، یان پیسبوونی خاک بەهۆی فڕێدانی پاشماوە ئەلیکترۆنییەکان، مادە تیشکدەرەکان و ئاودێریی زۆر و سوێربوونی خاک، هەروەها مادە کیمیاییەکان بەتایبەت هایدرۆکاربۆنی نەوت یان وەک قڕکەرەکان و پەین کە لە کشتوکاڵدا بەکاردێن. لەم دۆخەدا پیسبوون پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەڕادەی پیشەسازیی و چڕی مادە کیمیاییەکانەوە هەیە.

بەدڵنیاییەوە، پیسبوونی خاک بەهۆی سروشتی و مرۆییەوە ڕوودەدات، لەم ڕاپۆرتەدا تەنیا هەڵوەستە لەسەر ڕۆڵ و بەشداریی مرۆڤ دەکرێت. کاریگەریی مرۆڤ لەسەر خاک بە هۆکاری سەرەکی پیسبوون دادەنرێت، پیسکەرە مرۆییەکان بە هەردوو جۆری ئۆرگانی و نائۆرگانییەوە، هەندێک جار بە ئەنقەست ڕوودەدەن وەک لە پرۆسەکانی پیشەسازییدا و هەندێک جار بە ڕێککەوت. بەو شێوەیە کە پیسبوون بە کەڵەکەبوونی مادە کیمیاییەکان، خوێیەکان، مادە تیشکدەرەکان و مادە ژەهراوییەکانی دی کە خاکدا پێناسە دەکرێت کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەی ڕووەک و ئاژەڵان هەیە. بەگشتی پیسبوونی خاک دەبێتە هۆی کەمبوونەوە و لە دەستدانی توانای بەرهەمهێنانی خاک و لە کۆتاییدا دروستبوونی کێشە و گرفت بۆ دابینکردنی خۆراکی پێویست بۆ جیهان.

بە سادەیی هەر خاک خۆی بەشێوەکی سروشتی چەندین جۆر ئاوێتەی (پیسکەر) لەخۆدەگرێت، ئەم پیسکەرانە لە کانزاکان، ئایۆن و خوێیە نائۆرگانییەکان وەک فۆسفات و کاربۆنات و نیترات و ...هتد و هەروەها لە پێکهاتە ئۆرگانییەکان وەک پرۆتین، ترشە چەورییەکان، هایدرۆکاربۆن و ..هتد پێک دێن. پیسبوونی خاک کاتێک دروست دەبێت، کە بڕی پیسکەرەکانی خاک لە ئاستی سروشتی زیاتر دەبێت. پاشماوە نائۆرگانییەکان کێشەی گەورەی پیشەسازیین، کە کانزاکان لەخۆدەگرن و توانای ژەهراویبوونی زۆریان هەیە. لەکاتێکدا ئەو کارگە و مەکینانەی دووەم ئۆکسیدی گۆگرد دەردەدەن

دەشێت ترشییەکی زۆر لە خاکدا دروست بکات. مادەکانی وەک مس، جیوە، نیکل و چەندانی دیکە دەتوانن لە خاکدا کۆببنەوە، لەڕێگەی ئاوڕۆ و پاشماوەی پیشەسازییەوە دەچنە خاکەوە. هەندێک بابەتی وەک دوکەڵی ئۆتۆمبێلەکان سرکەیان تێدایە کە لەلایەن گەردیلەکانی خاکەوە هەڵدەمژرێت و ڕووەکەکان ژەهراوی دەکات. پاشماوەی ئۆرگانییەکان وەک خۆڵ و خاشاکی ناوماڵ، ئاوەڕۆی شارەوانی و پاشماوەی پیشەسازی بەگشتی کە بەشێوەیەکی نازانستی فڕێ دەدرێت. هەموو ئەوانە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستی مرۆڤ و ڕووەک و ئاژەڵان دروست دەکەن.

لە هەرێمی کوردستاندا، چەندین ئاست و جۆری پیسکردنی خاک هەیە؛

1. ڕژان و دزەکردنی نەوت و بەرهەمەکانی نەوتی لەکاتی دەرهێنان، عەمبارکردن، گواستنەوە و یان لەکاتی بەکارهێنانی بەرهەمە نەوتییەکانی وەک بەنزین، گازوایل و ...هتد.
2. کانگاکانی بەرد یان پرۆسەکانی دەرهێنان و شکاندنی بەرد بۆ مەبەستی بیناسازیی و هەر مەبەستێکی دی کە دەبێتە هۆی تێکدانی ڕووپۆشی خاک و پیسبوونی ناوچەکانی کارکردن بە بە کەڵەکەبوون و چڕبوونەوەی بەرد تێیاندا.
3. بەکارهێنانی مادە کیمیاییەکان لە چالاکییە کشتوکاڵییەکاندا، لە قڕکەرەکان و پەینی کیمیایی.
4. فڕێدانی پاشماوە لە زبڵدانەکاندا، کە بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریی لەسەر ئاوی ژێرزەوی دروست بکەن.
5. فڕێدانی پاشماوە پیشەسازییەکان بەگشتی یان زیادەڕۆیی لە بەکارهێنان بەنموونە پیسکەرەکانی وەک قڕکەر، قوماش، شووشە، چیمەنتۆ، نەوت و ئەوانی دیکە.
6. فڕێدانی پاشماوە پزیشکی و تەندروستییەکان.
7. هەڵڕشتنی ئاوی پیس لەسەر خاک.

### 6. خۆڵ و خاشاک-پاشماوە ڕەقەکان

بەگشتی پاشماوەی ڕەق بریتییە لە زبڵ و خاشاک و پاشماوەی ناوماڵ و مادده ڕەقەکانی فڕێدراو وەک ئەوانەی لە کارە بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکانەوە هاتوون. بڕێکی زیاتر لە کاغەز، کارتۆن، پلاستیک، شووشە، کەرەستەی بیناسازی کۆن، مادەی پاکەتکردن و مادەی ژەهراوی یان بە شێوەیەکی تر مەترسیدار لەخۆدەگرن. بەشێوەیەکی ئاسایی و لە زۆربەی شارەکاندا پاشماوە ڕەقەکان چەند لێکەوتێکی نەرێنی بەدوای خۆیاندا دەهێنن و ئەو ئەنجامانەش لە شارەکانی هەرێمی کوردستاند زۆر باوە، وەکوو:

1. گیرانی ئاوەڕۆکان بەهۆی کەڵەکەبوونی زۆری مادە ڕەقەکانەوە.
2. دروستکردنی بەربەست لەبەردەم ڕەوتی ئاسایی ئاو، کە دواجار یارمەتیدەر دەبێت لە دروستبوونی لافاو.
3. تەشەنەکردنی زیاتری میکرۆب لە ئەنجامی پاشماوە کەڵەکەبووەکان.
4. پاشماوەی ڕەقی نەخۆشخانەکان مەترسی زیاتر دروست دەکەن، کە دەرزی و دەرمانی مەترسیدار لەخۆدەگرن.

5. پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە.
6. دروستکردنی بۆنی ناوخۆش و کێشەی تەندروستی گشتی.

ڕۆژانە لە سەرتاسەری شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، نزیکەی ١٠ هەزار تۆن لە خۆڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە. بەڕێژەی زیاتر لە نیوەی خۆڵ و خاشاکەکە لە مادەی پلاستیکی و کاغەز پێکدێت. چارەسەرنەکردنی پاشماوەکان هۆکارێکی کاریگەرە لە پیسبوونی خاک.

ڕۆژانە نزیکەی دوو هەزار تۆن خۆڵ و خاشاک تەنیا لە سەنتەری شاری هەولێر کۆدەکرێتەوە و لە زبڵدانی کانی قرژاڵە فڕێدەدرێت. جگەلە هەزاران تۆن خوڵ و خاشاکی دیکە لە شارۆچکە، شارەدێ و گوندەکانــدا کە هەنــدێکی کــۆدەکرێتەوە و لە شــوێنی دیــاریکراودا فــڕێ دەدرێــت و هەنــدێکی دی دەسوتێنرێت.

زبڵدانی کانی قرژاڵە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا خۆڵ و خاشاکی ناوەندی هەولێری تێدا فڕێ دەدرێت، هەندێک لە سەرچاوەکان ڕووبەری زبڵدانەکە بە ٣٠٠ دۆنمی پڕ لە زبڵ و خاشاک دەستنیشان دەکەن کە بە قوڵایی زیاتر لە ١٣ مەتر زبڵ و خاشاک تێدا هەڵڕێژراوە.



هەرچەند سـەرچاوەکانی وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار لە حکوومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەردەوام ئاماژە بەوە دەکەن کە خـۆڵ و خاشـاکی هەڵگیـراوەی تەنیـا ناوەنـدی شـاری هەولێـر ڕۆژانە دوو هەزار تـۆن دەبێـت و بەوەش لە سـاڵێکدا ٧٢٠ هەزار تـۆن خـۆڵ و خاشـاک لە ناوەنـدی هەولێـردا کۆدەکرێتەوە، لەکاتێکدا سـاڵی ڕابـردوو نـزیکەی ٦٠٠ هەزار تـۆن خـۆڵ و خاشـاک لە ناوەنـدی هەولێر کۆکراوەتەوە و لە زبڵدانی کانی قرژاڵە فڕێدراوە.

لە شـارۆچکەکانی کـۆیە، سـۆران، مێرگەسـۆر، چۆمـان و ڕوانـدز لە سـنووری پارێزگـای هەولێـر، ڕۆژانە نزیکەی ٧٠٠ تۆن خۆڵ و خاشاک کۆدەکرێتەوە.

بەشێکی زۆر لە خۆڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستاندا لە مادەی پلاستیکی پێکهاتووە، بەکارهێنانی مـادەی پلاسـتیکی ئەوەنـدە بەرفـرەوانە، کە زۆرجـار کـوچە و کۆڵانەکـانی شـار دەتەنـن، بەتـایبەت بتڵـی پلاستیکی ئاو و کیسەی نایلۆن و ئەو بەرگە نایلۆنییانەی خواردنەکانی منداڵان بەتایبەت پێکدێنن.

فڕێـدانی پاشـماوەکان بەگشـتی و پاشـماوە پلاسـتیکییەکان هۆکـارێکی کـاریگەر بـووە لە گیرانـی ئاوەڕۆی گەرەکەکانی شاری هەولێر و شارەکانی دیکەیش.

تـا دێـت خـۆڵ و خاشـاک زیـاتر دەبێـت، لە مـاوەی ڕۆژانـی جەژنـی قوربـانی ڕابـردوودا، لەلایەن تیمەکانی ژینگەپارێزییەوە چوار هەزار و ٥٨٦ تۆن لە خـۆڵ و خاشـاک کۆکراوەتەوە، بەڵام لە ڕۆژانی جەژنـی ڕەمەزان لە ئایـاری ئەمسـاڵ (٢٠٢٢) زیـاتر لە حەوت هەزار تـۆن خـۆڵ و خاشـاک هەبـووە کە لەلایەن تیمەکانی ژینگەپارێزییەوە لە سنووری شارەوانییەکانی هەولێر کۆکراوەتەوە و بەهەمـان شـێوە لە زبڵدانی کانی قرژاڵە فڕێدراوە.

### 7. پیسبوون بەهۆی چالاکییە کشتوکاڵییەکانەوە

گومانی تێدا نییە کە خاک بنەڕەتی کشـتوکاڵە و هەمـوو بەرهەمەکان لە خـۆراکی مـرۆڤ و ئاژەڵان پشـت بە خـاک دەبەسـتن. لەکاتێکدا زیادەڕۆیی لە بەکارهێنـانی قڕکەرەکان و پەینی کیمیـایی بەردەوام مەترسی پیسبوونی خاک دروست دەکات. بەشێوەیەکی ئاسایی زێدە بەکارهێنـانی مـادە کیمیاییەکان لە چالاکییەکـانی بەرهەمهێنـانی کشـتوکاڵیدا، پەیوەنـدی بە (کشـتوکاڵی بازرگـانی)یەوە هەیە، ئەوکـاتەی کە هەوڵ دەدرێـت بەرهەمێکـی زیـاتر لە خـاکێکی سـنووورداردا بەرهەم بێـت. کشـتوکاڵی بازرگـانی بە بەرهەمهێنانی زۆر لە زەوییەکی سنووردار، هەروەها چەند بەرهەمێک لەماوەی سـاڵێکدا و زیـادکردنی بـڕ و جـۆری بەرهەم دەناسـرێتەوە. ئەو جـۆرە کشـتوکاڵە پشـت بە بەکارهێنـانی پەیـن و قڕکەرەکـان دەبەستێت.

کشـتوکاڵی بازرگـانی هەروەهـا لە شـێوەی کـێڵگە چرەکانـدا دەردەکەوێـت، ئەو کێڵگـانە گۆشـت و بەرهەمەکـانی شـیرەمەنی، سـەوزە و میـوە، هـێلکە و ...هتـد بـۆ بازاڕەکـان دابـین دەکەن. هەنـدێک جـار دەگوترێت بەکارهێنانی کێڵگە چڕەکان وا دەکات ڕووبەرێکی بچووکتر لە زەوی بەکاربێت و لەکۆتاییدا دارسـتانی کەمتـر ببـڕدرێتەوە (بـۆ دروسـتکردنی کـێڵگەی کشـتوکاڵی) و یـان بەگشـتی زەوی کەمتـر بەکاربێت بـۆ پرۆسـەکانی کشـتوکاڵی، بەڵام دیسـان ئەو بـابەتە ئەوەنـدەش دڵخۆشـکەر نییە، بەهـۆی لێکەوتەکانی لەسەر ژینگە.

## قڕکەرەکان

قڕکەرەکان چ کیمیایی یان بایۆلۆژی هەموو ئەو مادانە دەگرێتەوە کە لە کۆنترۆڵکردنی ئافاتەکاندا بەکاردێت. یان هەموو ئەو مادە کیمیاییانەی کە بەمەبەستی قڕکردن و لەناوبردنی مێرووەکان لە پرۆژەکانی کشتوکاڵی یان لە ناو ماڵ و پرۆژەکانی دیکەدا بەکاردەهێنرێت. هەرچەند گیاکوژەکان (herbicides) باوترینی قڕکەرەکان دادەنرێت، بەڵام بەگشتی جۆری زۆری هەیە، وەکو (insecticide, bactericide, repellent, animal repellent, microbicide, fungicide, insect, herbicide, nematicide, piscicide, molluscicide, avicide, lampricide) و هاوشێوەکانیان. بەگشتی قڕکەرەکان بۆ مەبەستی پاراستنی بەرهەم و بەروبووم بەکاردەهێنرێن چ لە دژی گژوگیا یان مێرووەکان و لە سەرجەم قۆناغەکانی کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنرێت وەکو بەرهەمهێنان، هەڵگرتن، گواستنەوە و بەبازارکردندا.

قڕکەرەکان بەگشتی سەرچاوەی پیسکردنی خاکن بە چەندین جۆر و شێوە، بە نموونە کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر ئەو بەکتریا و زیندەوەرۆچکانە جێدەهێڵن کە لەناو خاکدا هەن و مادە ئەندامییەکان شی دەکەنەوە و بەوەش بەپیتی خاک کەم دەبێتەوە، هەروەها زۆر بەکارهێنانی قڕکەرەکان چەندین نەخۆشی لە ڕووەکەکاندا دروست دەکات و بەشێوەیەکی ئاسایی نەخۆشییەکان لە ڕووەک و ئاژەڵانەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە و مەترسی جیاجیا لەسەر تەندروستی مرۆڤ خۆی دروست دەکەن. مەترسیداربوونی هەندێک لە بەهێزترینی قڕکەرەکان وەک (DDT) وایکردووە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەک قەدەغەکراوێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەنموونە لەوەتەی ساڵی ١٩٧٢ەوە لە ئەمریکا قەدەغە کراوە، ئەوەش بەهۆی هەموو ئەو کاریگەریی و شوێنەوارە ترسناکانەی لەسەر خاک، ڕووەک، ئاژەڵ و مرۆڤ بەدوای خۆیدا دەهێنێت. مادە زیانبەخشەکانی قڕکەری (DDT) لەڕێگەی خواردنی ڕووەک و خۆراک و هەروەها ماسی و بەرهەمەکانی شیرەوە بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە، هەندێکجار تەنانەت بەڕێگەی دەستلێدانیشەوە دەگوازرێتەوە. هەرچەند کاریگەریی (DDT) لەسەر ئاژەڵان لەسەر جگەر و زاوزێ دەرکەوتووە، لە مرۆڤیشدا بە هۆکارێکی تووشبوون بە شێرپەنجە دادەنرێت.

کاریگەریی قڕکەرەکان بەگوێرەی جۆر و ماوەی مانەوە و نەتوانەوەیان لەئاودا دیاری دەکرێت، بە نموونە قڕکەری (DDT) بۆ ماوەی سی ساڵ لە خاکدا دەمێنێتەوە و قڕکەریش هەیە تەنیا دوو هەفتەیەک دەمێنێتەوە و زۆر خێراتر لەئاودا دەتوێتەوە. قڕکەرەکە چەند زیاتر بمێنێتەوە، ئەوەندە کاریگەریی زیاتر دادەنێت.

تا ئێستا ڕێنماییەک نییە کە لەکاتی بەسەرچوونی قڕکەر و پەینە کیمیاییەکاندا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و نازانرێت ئەو مادە بەسەرچووانەی لە کۆگەکاندا دەدۆزرێتەوە یان لەکاتی هاوردەکردندا و لە سنوورەکاندا دەستی بەسەردا دەگیرێت چۆن لەناودەبردرێت و گومان هەیە ڕاستەوخۆ ژێرخاک بخرێت یان هەندێکجار تێکەڵ بە پاشماوەی گشتی بکرێت.

### پەینی کیمیایی

پێشتر جووتیارانی کوردستان بۆ بەهێزکردنی توانای خاک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بەتایبەت پشتیان بە پەینی ئەندامی دەبەست، کە وا دەردەکەوێت کاریگەریی نەرێنی زۆر کەمتر بێت، بەراورد بە پەینی کیمیایی کە ئێستا بەپلەی یەکەم جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ بەتواناکردنی خاک و بەهێزکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان پشتی پێدەبەستن.

لەو چوارچێوەیەدا، ئەگەر ئۆکسجین لە هەوا و ئاوەوە دێت، بەڵام ماددە خۆراکییە پێویستەکانی دی وەک نایترۆجین و فسفۆر و پۆتاسیۆم و کالیسیۆم و مەگنیسیۆم و گۆگرد لە خاکەوە بەدەست دەهێنرێت. جووتیاران بەگشتی پەین بەکاردەهێنن بۆ بە پیتکردنی خاک. پەینەکان خاکەکە پیس دەکەن، لەکاتێکدا زۆرجار ئەو کانزایانەی تێیاندایە، لە خاکەکەدا کەڵەکە دەبن و چڕ دەبنەوە و توانای لەناوچوونیان نییە یان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگری لە مانەوەی خۆیان دەکەن. زیاد بەکارهێنانی هەریەک لە پەینەکان دەشێت کاریگەرییەکی نەرێنی دروست بکات لەسەر خاک و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەگشتی.

پەینە کیمیاییەکان هەر تەنیا بە سەرچاوەیەکی پیسبوونی خاک دانانرێن، بەڵکو سەرچاوەیەک بۆ پیسبوونی ئاو، کاتێک لەڕێگەی ئاودان یان بارانەوە بەشێک لە پێکهاتە و مادەکانی پەینە کیمیاییەکە دەگەنە سەرچاوەکانی ئاو و هۆکار دەبن لە ژەهراویکردنی سەرچاوەکانی ئاو، لانیکەم زیانگەیاندن بە کۆمەڵێک لە زیندەوەرانی ناو ئاوەکە یان ئەوانەش کە ئاوەکە دەخۆنەوە.

### 8. پیسبوون بە مین و تەقەمەنی

بەگوێرەی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان، بەگشتی 776 کیلۆمەتر دووجا زەوی بە مین و تەقەمەنی و پاشماوەی جەنگی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا پیس بووە. سەرووی 500 کیلۆمەتر دووجا لە دوای ١٩٩١ەوە تا ئێستا پاک کراوەتەوە و هێشتا 255 کیلۆمەتر دووجا پاک نەکراوەتەوە.

زیاتر لە نیوەی ڕووبەری پیسبوو بە مین و تەقەمەنی و پاشماوەکانی جەنگی، کەوتووەتە سنووری پارێزگای سلێمانییەوە. وا دەردەکەوێت بەشێکی زۆر بەهۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە بێت، لەکاتێکدا ئامارەکانی عێراقی ڕوونی دەکەنەوە ڕووبەری 1200 کیلۆمەتر لە سنووری عێراق-ئێران بە مین و تەقەمەنی چێنراوە.

پیسبوون بە مین و تەقەمەنی یەکێک لە شێوە مەترسیدارەکانی پیسبوونە لە هەرێمی کوردستاندا و بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکاندا، بووەتە هۆکاری ئەوەی نەتوانرێت سوود لە پانتاییەکی گەورەی زەوی بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری وەربگیرێت.

تا ئێستا، زەوی چێنراو بە مین و تەقەمەنی، بووەتە هۆی گیان لە دەستدان و برینداربوون و کەمئەندامبوونی زیاتر لە ١٣ هەزار و ٥٠٠ هاووڵاتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.

بەشێوەیەکی ئاسایی مین و تەقەمەنی چێنراو لە هەرێمی کوردستاندا هەڵدەگیرێتەوە و پاشان لە چاڵە کۆنترۆڵکراوەکاندا دەتەقێنرێتەوە. بەڵام تەقاندنەوەی مین دەشێت چەندین لێکەوتی ژینگەیی

مەترسیداری بەدوادا بێت. توێژینەوەکەی ڕەهێڵ حەمەد، بالزتەر و کۆڵۆ لە ٢٠١٨ و لەبارەی دەردانی کانزا قورسەکان بۆ ناو خاک لەدوای پاکسازیی مین لە پارکی نیشتمانی هەڵگورد-سەکران لە سنووری پارێزگای هەولێر، ئەنجامدراوە، کۆمەڵێک ئەنجامی مەترسیدار پەیوەست بە تەقاندنەوەی مین پیشان دەدات. ئامانجی توێژینەوەکە هەڵسەنگاندنی پیسبوون بە کانزا قورسەکانە لە خاک دوای پاککردنەوە و فڕێدانی مین لە ڕێگەی تەقینەوەی کۆنترۆڵکراو لە چاڵە دیاریکراوەکاندا و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە پیسکەرترین کانزا قورسەکان لە خاکدا بریتین لە نیکل و کرۆم Ni و Cr و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تەقینەوەی کانە کۆنترۆڵکراوەکان. لە کۆتاییدا، تەقینەوەی ئەم کانانە پاشماوەی کانزا قورسەکان لە خاکدا بەرهەم دەهێنن کە ئەگەری زیانبەخشن بۆ ڕووەک، ئاژەڵان و لە کۆتاییدا مرۆڤ. زۆرێک لە ڕووەکەکان لەلایەن ئاژەڵ یان مرۆڤەوە دەخورێن و لێرەوە دەچنە ناو زنجیرە خۆراکییەکان. بەم شێوەیە، کانزا قورسەکان لە ڕێگەی هەناسەدان و خۆراک و مامەڵەکردنی دەستیەوە دەچنە ناو ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤەوە.

پیسبوونی ژینگەیی خاک بەهۆی کانزاکانەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت. هەندێک کانزا قورسەکان کێشەی تەندروستی گەورە بۆ مرۆڤ دروست دەکەن، وەک نیکل، سرکە، کادمیۆم، ئارسنیک، کرۆم و جیوە. بۆ نموونە نیکل لەنێو ئەو توخمانەیە کە بەشدارن لە گەشەی ڕووەکەکان، بەڵام زیادەڕۆیی لە کۆبوونەوەی نیکل ژەهراوی دەبێت بۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکانی تر. ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان و لووت و پێست دەتوانرێت بەهۆی زیادبوونی ئاستی نیکل لە خاکدا بەرز بکرێتەوە. کرۆم بە شێرپەنجە ناسراوە کاتێک ڕێژەی لە خاکدا زۆر بەرز بێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی جگەر و گورچیلە. هەروەها کرۆم پەیوەندی بە هەوکردن و هەستیاریی پێستی مرۆڤ هەیە. کۆئەندامی دەمار و گورچیلە و مێشک و خڕۆکە سوورەکانی خوێن کاریگەری جددییان لەسەرە بەهۆی سرکەوە. گورچیلە و جگەر کاریگەری کادمیۆمیان لەسەرە. ئارسنیک ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات و کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەماری ناوەندی و گورچیلە دەبێت. هەروەها گورچیلەکان کاریگەری جیوەیان لەسەر دەبێت، لەکاتێکدا بڕێکی زۆر لە مس مەترسی لەسەر تەندروستی دەبێت و زیان بە گورچیلە و جگەر دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی مردن. کاریگەری ژینگەیی و ئابووری کۆمەڵایەتی مین ڕێگری دەکات لە فراوانبوونی ئابووری کۆمەڵایەتی و چالاکییە کشتوکاڵییەکان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان. هەندێک توێژینەوە کاریگەری ئابووری مین و تەقەمەنی لە ڕێگەی لەناوبردنی ئاژەڵداریی و بەرهەمهێنانی خۆراک دەرخستووە. گەورەترین کێشە ئەوەیە کە ئەم زەوییە پیسبووانە وەک زەوییەکی کشتوکاڵی دووبارە بەکاردەهێنرێنەوە. دەبێت دڵنیایی بدرێت زەوییەکانی پیسبوو بە مین و تەقەمەنی دەتوانرێت بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمەکانی بەکاربهێنرێت بەجۆرێک کە مەترسی لەسەر تەندروستی مرۆڤ نابێت لەکاتی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵی یان خۆراکییانەی لەو زەوییانەدا بەرهەم دەهێنرێت.

### سووتان و لەناوبردنی دارستانەکان

ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لەلایەک و بڕینەوە و لەناوبردنی درەختەکان لەلایەکی دیکە، هۆکاری کەمبوونەوەی ڕووبەری دارستانەکانن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.



سوتاندنی ڕووبەرێکی دارستانی لەسەر زێی بچووک و لەبەرژەوەندی کارگەیەکی چەوولم.

بەگوێرەی داتایەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕووبەری دارستانی سروشتی لە هەرێمی کوردســتان لە ســاڵی ٢٠٢٠دا، دوو ملیـۆن و ٥٠٧ هەزار و ٥٢١ دۆنــم زەوی و هەروەهــا دارســتانی دەسـتکردیش ڕووبەری ٣٥ هەزار و ٤٧٢ دۆنـم پێک دێنێت. بەڵام ئامـارێکی بـەڕێوەبـەرایەتی گشـتیی ڕەزگەری و دارستان و پاوان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان کە لـە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەستکەتووە، ڕووبەری دارستان بە نزیکەی دوو ملیۆن و 327 هـەزار دۆنم دادەنێت.

لەکاتێکدا ئامـارێکی ڕاگەیەنراو لە پارێزگـای هەولێر کە داتاکـانی سـەرجەم پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان بە کەرکووکیشـەوە لەخۆدەگرێت، ڕووبەری دارسـتان لە سەرتاسـەری کوردسـتان بە یەک ملیۆن و 360 هەزار و 379 دۆنم دەستنیشان دەکات وەک لە خشتەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

ڕووبەری دارستانی سروشتی و دەستکرد لە باشووری کوردستاندا

| ڕووبەر | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کەرکووک | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| دارستانی دەستکرد | 3625 | 3164 | 6931 | 811 | 14531 |
| دارستانی سروشتی | 326092 | 442597 | 417604 | 159555 | 1345848 |
| کۆ | 329717 | 445761 | 424535 | 160366 | 1360379 |

هەرچۆنێک بێت، سەرچاوەکانی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵ ئاماژە بە پاشەکشەی گەورەی ڕووبەری دارستان لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا دەکەن کە ڕووبەرەکە لە پێنج ملیۆن دۆنمەوە بۆ نزیکەیی دوو ملیۆن و نیو لە کورتی داوە، بەوەش ڕووبەری دارستان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ نیوە پاشەکشەی کردووە.

چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکەن کە لە نێوان ساڵانی 2010 - 2021 زیاتر لە یەک ملیۆن دۆنم لە ڕووبەری دارستان و پاوان بەگشتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا لەناوچووە و زیانی بەرکەوتووە، بە هۆکارەکانی بڕینەوە، سووتاندن، تەختکردن، تەلبەندکردن، ڕەژووکردن، دروستکردنی کارگە و پرۆژەی تایبەت، دروستکردنی خانوو و باڵەخانە و ڕێگەوبان و ئیتر.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا، یەک ملیۆن و 31 هەزار و 290 دۆنم دارستان و پاوان سووتاون، زۆرترین ڕووبەری سووتاویش لە سێ ساڵی ڕابردوودا تۆمار کراوە کە 559 هەزار و 469 دۆنم بووە و دەکاتە 57%ی تێکڕای ڕووبەری دارستانی سووتاو لە هەشت ساڵی ڕابردوودا. بەدواداچوونەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان ڕوونی دەکاتەوە کە 35%ی ڕووبەری دارستان و پاوانی سووتاو، بەهۆی تۆپبارانی تورکیا و ئێران بووە.

زۆرترین ئاگرکەوتنەوە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە، کە لەو ماوەیەدا 580 هەزار و 380 دۆنم دارستان و پاوانی پارێزگاکە سووتاون کە دەکاتە 56.2%ی کۆی ڕووبەری دارستان و پاوانی سووتاو لە هەرێمی کوردستاندا.

جگە لە سووتانی دارستان و پاوانەکان، بڕینەوەی بەردەوامی درەختەکان هەیە، تەنیا لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵ کۆمپانیایەک کە سەرقاڵی ڕاکێشانی کارەبا بوو بۆ کارگەیەکی چەوولم لە سنووری قەزای خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر، زیاتر لە ٣٠٠ درەختی بڕیەوە لەکاتێکدا خەڵکی ناوچەکە ڕێگریان کرد لەوەی درەختی زیاتر ببڕێت.


ئامارێکی دەستکەوتوو لە بەڕێوەبەرایەتیی دارستان و پاوانی پارێزگای دهۆک ئاشکرای دەکات کە مەترسییەکی گەورە لەسەر دارستانەکانی پارێزگای دهۆک هەیە، بە شێوەیەک لە ماوەی ساڵانی 2012 تاوەکو 2022 بەدیاریکراوی شەش هەزار و ٧٦٦ دۆنم دارستان لەناوبردراون و بەشی زۆری ڕووبەری دارستانی لەناوبردراویش لە سنووری گوندەکانی ڕەشانکێ و ئیمێنکێ بوون لە سنووری شارەدێی زاوێتە و بەشێکی زۆریش لە لەناوبردنی دارستانەکە بۆ دروستکردنی خانوو و باخ و ڤێلا

بووە. درەختە لەناوبردراوەکان جۆراوجۆربوون بەڕێژەی ٤٥٪ دارسنەوبەر، بەڕێژەی ١٧٪ داربەڕوو و بەڕێژەی ١٥٪یش لە دار قەزوان و ئیتر بووە.

بەگوێرەی بەڕێوەبەرایەتیی دارستان و پاوانی پارێزگای دهۆک لە ساڵی 2015دا 22% و لە ساڵی 2016شدا 10.4%ی دارستانەکانی زاوێتە بەهۆی سووتانەوە لەنێوچوون، بەڵام لە 2021دا بەڕێژەی 5.5%ی سووتاون.

دارستان سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە و گرنگیەی خۆی هەیە لە پاراستنی ژینگە و خۆشکردنی ئاو هەوا و ڕاگرتنی دامالینی خاک و پاراستنی ئاو و هەمەجۆری ژیان، چونکە ئاگرکەوتنەوە و لەناوبردنی دارستانەکان جگە لە سووتاندنی درەخت و گژوگیا و تۆوەکانیان، دەبێتە هۆی لەناوچوونی سەدان جۆر زیندەوەر و باڵندە و ئاژەڵ و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ژینگەی ناوچەکەدا دروست دەکات و هاوسەنگیی ژینگە تێکدەدات.

## ڕاوی نایاسایی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی



فرۆشتنی باڵندەی فلامینگۆ لە بازاڕی پەلەوەرفرۆشانی هەولێر.

لە هەرێمی کوردستاندا فەرماندەیی پێشمەرگەی ژینگە و پۆلیسی دارستان هەیە، بەڵام هیچ کام لەو هێزانە بە دەستەی ژینگەوە نەبەستراونەتەوە، بەڵکوو سەر بە دامەزراوەی دیکەن، وەک وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە. سەرەڕای چالاکییەکانی پۆلیسی دارستان و هێزە پێوەندیدارەکانی دیکە لە چاودێریکردن و ڕێگریی لە ڕاوی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان و دەستگیرکردنی سەرپێچیکاران، بەڵام هێشتا ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا و لە ئاستێکی بەرفرەواندا بەڕێوە دەچێت.



کڕین و فرۆشتنی سمۆرە لە ناوەندی هەولێر-بازاڕی پەلەوەرفرۆشان.

کەرسـتە و ئامرازەکـانی ڕاوکردنـی ئـاژەڵ و باڵنـدە کێوییەکـان بە ئاشـکرا لە بـازاڕە گشـتییەکاندا دەفرۆشـرێن لەلایەک و لەلایەکی دی ئـاژەڵ و باڵندە کێوییەکان بە هەمـان شـێوە هەر بە ئاشکرایی لە بازاڕە گشتییەکان دەفرۆشرێن و هـیچ لێپرسـینەوەیەکیش لەگەڵ بازرگانـانی ئـاژەڵ و باڵندە کێوییەکـان نییە، لەکاتێکدا بازرگانییەکەی ئەوان بە تەواوەتی نایاساییە.

یەکێـک لە گـرفتە سـەرەکییەکانی نەبـوونی لێپرسـینەوە لەوانەی لە ناوەنـدی شـارە گەورەکانـدا بە ئـازادانە بازرگـانی بە ئـاژەڵ و باڵندەی کێوی دەکەن، ئەوەیە کە پۆلیسـی دارسـتان و ژینگە دەسـەڵاتی ئامادەبوونی لە ناوەنـدی شـارەکاندا نییە، بەڵکو سـنووری چالاکییەکانی ئەوان دەرەوەی سـنوورەکانی شارەوانییە. بەو شێوەیە پۆلیسی دارستان و ژینگە تەنیا دەتوانێت لەحالەتی ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێویدا، ئەرکی خۆی بگێڕێت و لە ناو سنوورەکانی شارەوانیدا، کاتێک کڕین و فرۆشـتن یـان بازرگـانی بە ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان دەست پێدەکات، پۆلیسی دارستان و ژینگە ئامادەیی نییە.

### پاڵپشتی ژینگە لە کەرتی نەوت

بەپێی گرێبەسـتەکانی بەرهەمهێنـانی هـاوبەش، کۆمپانیاکـان دەبێت پابەنـدبن بەوەی هەمـوو سـاڵێک بەشـداربن لە بەخشـینی پـارە بە سـندوقی ژینـگە. پێویسـتە لەسـەریان کە پێـوەرە نێودەوڵەتییەکـانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت بهێننە دی و پەیڕەوی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بکەن لە پێناو بەرگـرتن لە پیسـبوون و پاراسـتنی ژینگەدا. ئەمەش پاراسـتنی ڕووەک و ئـاژەڵ و موڵـک و مـاڵ و ناوچەکانی کشـتوکاڵی و ماسـی بەخێوکردن دەگرێتەوە. لەنێو پابەندییەکانی دی کە لە گرێبەسـتەکاندا دانـراوە قەدەغەکردنـی زەرەرگەیانـدن بە ژیـنگە دەگـرێتەوە لە کـاتی دروسـتکردنی هێڵـی بـۆری و

هەڵوەشاندنەوە یان تەسلیمکردنەوەی ناوچەی گرێبەست بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت.

بەگوێرەی ناوەرۆکی گرێبەستەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، هەر کۆمپانیایەکی نەوت کە مۆڵەتی کارکردن لە ناوچەیەکی گەڕان و پشکنین وەردەگرێت، لە یەکەم دۆزینەوەدا، ساڵانە بڕی ١٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی و لە قۆناغی پەرەپێدانیشدا ساڵانە ٣٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی وەک (پاڵپشتیی ژینگە) بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەدات. ئەو بابەتە لەزۆرینەی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێمی کوردستاندا لە مادەی ٢٣ بڕگەی ٩ دەقی لەسەر کراوە، بەو شێوەیەی خوارەوە:

### سندووقی ژینگە

لە ڕێککەوتی یەکەم بەرهەمهێنان لە ناوچەی گرێبەست، بەڵێندەر دەبێت بە بڕی سەد و پەنجا هەزار (١٥٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر ساڵێکی گرێبەست لەماوەی دۆزینەوەی و سێ سەد هەزار (٣٠٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر ساڵێکی گرێبەست لەماوەی پەرەپێدان بەشداری بکات و بخاتە ناو سندووقی ژینگە کە لەلایەن حکوومەتەوە دامەزراوە لەپێناو بەرژەوەندی ژینگەی سروشتی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان (سندووقی ژینگە). ئەو بڕە پارانە دەبێت وەکوو تێچووی نەوت هەژمار بکرێن و بەگوێرەی حوکمەکانی مادەکانی ١ و ٢٥ قەرەبوو بکرێنەوە.

کەواتە ئەو بڕە پارەیەی بەناوی پاڵپشتی ژینگەوە لە کۆمپانیاکانی نەوت وەردەگیرێت، بەگوێرەی ناوەرۆکی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ و خودی گرێبەستەکانی نەوت دەخرێتە هەژمارێکی تایبەتەوە بەناوی سندووقی ژینگە.

بەشێوەیەکی ئاسایی، پارەی پاڵپشتی ژینگە لەلایەن کۆمپانیاکانی نەوت و گازەوە، بەشێوەی پێشەکی دەدرێت، ئاسایی بڕی پارەکە لەگەڵ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکە زیاد دەکات.

تا ئێستا کۆمپانیاکانی سەرکار لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پابەندبوون بە پێدانی پارەی پاڵپشتی ژینگە، بەڵام ئەوەی ڕوونە نە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە ئەو پارەیە لە هیچ پرۆژەیەکی ژینگەییدا خەرج کراوە و نە ڕادەستی سندووقی ژینگەی گرێدراو بە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کراوە.

لە بەدواداچوونی ڕێکخراوی بیمەدا دەرکەوت، ناوەرۆکی گرێبەستەکانی نەوت لەڕووی مەرجەکانی پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی خاوەنکار لە هەرێمی کوردستان، چەندین مادە و بڕگەی گرنگ هەن، لەناویاندا مادەی ٣٧ لە زۆرینەی گرێبەستەکانی نەوتدا، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە حوکمە ژینگەییەکانەوە و بەهۆی دەست نەکەوتنی گرێبەستەکانی نەوت بۆ زۆر کەس و گرنگی ناوەرۆکی مادە و بڕگەکان، لەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە. لە خوارەوە دەقی مادەی ٣٧ لە گرێبەستەکانی نەوت بە سەرجەم بڕگەکانییەوە هاتووە:

### ٣٧. حوکمە ژینگەییەکان

٣٧. ١ بەڵێندەر لەکاتی جێبەجێبوونی کارە نەوتییەکان دەبێت پێوەرە گونجاوەکان بەکاربهێنێت تا دڵنیا بێت کە ئۆپەراتۆر، بەڵێندەرە لاوەکییەکان و بریکارەکانی خۆی بەپێی ڕێنماییەکانی پیشەسازی نەوتی نێودەوڵەتی هاوشـێوەی ژینگەکـانی ئیکۆلـۆجی و فیزیکی و هەر یاسـایەکی تری بەکارهـاتوو لە هەرێمی کوردسـتان کار دەکەن و ژینگە دەپارێزن.

٣٧. ٢ بەڵێندەر پێش تەسلیمکردنی هەر بەشێکی نـاوچەی گرێبەسـت دەبێت پێـوەری گونجـاو بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی نەهێڵێت هیچ ژینگەیەکی فیزیکی و ئیکۆلۆجی مابێتەوە. ئەو پێوەرانەش دەبێت لابردن یان داخستنی ئیمکانیاتی ناو شوێنەکە، ماتریال و ئامێر پێکەوە لەگەڵ پێوەرە گونجاوەکانی پێویست بۆ پارێزگاری لە ئاژەڵ و گیاکان و ئیکۆسیستەمەکان لە ژینگەکانی ئیکۆلۆجی و فیزیکی هاوشێوە لەخۆبگرێت. بەڵێندەر تەنیا دەبێت بـۆ گێـڕانەوەی شـوێنەکە یـان زەرەروزیـانی ژیـنگە کە تەنیـا بەوان تـایبەتە و ڕاسـتەوخۆ بـۆ کارەکـانی جێبەجێکراو بۆ ئەو گرێبەستە پەیوەندی هەیە، بەرپرسیار بێت.

٣٧. ٣ بەڵێنـدەر دەبێـت هۆشـداری و پێـوەری پێویسـت بەپێـی ڕێنماییەکـانی پیشەسـای نەوتـی نێـودەوڵەتی لە ژینگەکـاننی ئیکۆلـۆجی و فیزیکـی هاوشـێوە دابـین بکـات بـۆ بەرگریکـردن لە هەر پیسبوونێک کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی کارە نەوتییەکان ڕوودەدات و ژینگە بپارێزێت (بۆ گیـا و ئـاژەڵ)، سـەرچاوەکانی ئـاو و هەر سـەرچاوەیەکی سروشـتی دی لەکـاتی جێبەجێکردنـی کـارە نەوتییەکاندا.

٣٧. ٤ بەڵێندەر دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی پیشەسازی نەوتی نێودەوڵەتی لە ژینگەکانی ئیکۆلـۆجی و فیزیکی هاوشێوە موڵک و سامان، ناوچەکانی کشتوکاڵی و ماسیگرتن بپارێزێت.

٣٧. ٥ بەڵێنـدەر دەبێـت هەڵسـەنگاندنێکی کـاریگەریی ژینگەیـی لە نێـوان شـەش (٦) مانـگ پـاش ڕێککەوتی کارپێکراو جێبەجێ بکات و تەسلیمی حکوومەتی بکات.

### پارکە نیشتمانییەکان و ناوچەکانی پاراستنی سروشت

٣٧. ٦ بەڵێنـدەر دەبێـت بەپێـی ڕێنماییەکـانی پیشەسـازی نەوتـی نێـودەوڵەتی پێـوەری گونجـاو بە کەمکردنەوەی هەر کاریگەرییەکی مادەیی بۆ پارکەکانی نـاوخۆیی و پاراسـتنی سروشـت کە بەشـێوەی ڕاستەوخۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستە لەوانەیە ڕووبدات دابین بکات.

٣٧. ٧ حکـوومەت: (١) تەسـلی و گەرەنتـی دەدات کە لە ڕێککەوتـی کـارپێکراو هـیچ مەترسـییەکەی ناوخۆیی، سروشتی پارێزراو یـان ناوچەکانی پارێزراوی دیکەی واقع بوو لە هەمووی یان بەشـێکی ناوچەی گرێبەست بەڵێندەر بۆی نییە کـارە نەوتییەکـان لەوێ جێبەجێ بکـات و (٢) ڕێکدەکەوێت کە لە مـاوەی ئەم گرێبەسـتە هـیچ مۆڵەتێک دەستنشـان ناکرێت یـان هـیچ مۆڵەتێک دروست ناکرێت لەسـەر پارکەکانی ناوخۆیی و یان سروشتی پارێزراو یان ناوچەکانی دیکەی واقیع بوو لە هەموو یان بەشێکی ناوچەی ئەم گرێبەستە.

**باجی ژینگە لە کەرتی گواستنەوە**

پاڵپشت بە ڕێنماییەکانی بەرکار لە هەرێمی کوردستاندا، سەرجەم ئۆتۆمبێل و ئامێر و هۆیەکانی گواستنەوە، پابەندن بە پێدانی باجی ژینگە و بۆ هەر جۆرێک لە ئۆتۆمبێل و هۆیەکانی گواستنەوەش بڕێکی دیاریکراو لە باجی ژینگە وەردەگیرێت.

| هۆی گواستنەوە | بڕی باج |
|---|---|
| ماتۆڕسکیل | ٥٠٠٠ |
| ئۆتۆمبێلی تایبەت | ١٠٠٠٠ |
| ئۆتۆمبێلی گشتی | ١٥٠٠٠ |
| ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و ئیتر | ٢٠٠٠٠ |

کەمترین بڕی باجی ژینگە لە ماتۆڕسکیل وەردەگیرێت کە پێنج هەزار دیناری عێراقییە و زۆرترین بڕی باجی ژینگەش بارهەڵگرەکان دەگرێتەوە کە بڕەکەی بیست هەزار دیناری ساڵانەیە.

ئەگەر بڕی باجی دیاریکراوی ژینگە بەگوێرەی ژمارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان حیساب بکرێت، ساڵانە چەندین ملیار دینار لە باجی ژینگە لە کەرتی گواستنەوە وەردەگیرێت.

ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ تا ٣١ی حوزەیرانی ٢٠٢٢

| جـــــــۆری ئۆتۆمبێل | گشتی | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | سۆران | ڕاپەڕین | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تایبەت | ٠ | ٧٠٩٤٧٥ | ٣٤٨٨٤٨ | ١٥٨٦٧٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٢١٧٠٠١ |
| کری | ٠ | ٤٢٨٣٤ | ٣٦١٦٦ | ١٧٩٧٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٩٦٩٧٢ |
| بارهەڵگر | ٠ | ٢١٢٩٦٥ | ١٥٩٣٨٦ | ٦٨٩٢١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٤١٢٧٢ |
| کشتوکاڵی | ٠ | ١١٧٣٣ | ٢٤١١٥ | ٤١٩١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٠٠٣٩ |
| بیناسازی | ٠ | ١٦٠٤٨ | ١٠٣٥١ | ٣٢٧٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٩٦٧١ |
| کارت | ٠ | ٣٩٥٩٩ | ٦٤٤٧٢ | ٣٧٢٨٤ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٢ | ٠ | ١٤٦٠٤١ |
| میری | ٢٩٩٣١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٩٩٣١ |
| ماتۆڕسکیل | ٩٦٦ | ٧٨٦٢ | ١٠٨٧٣ | ٤٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٩٧٤٥ |
| کۆی گشتی | ٣٠٨٩٧ | ١٠٤٠٥١٦ | ٦٥٤٢١١ | ٢٩٠٣٦٢ | ١٦٢٤ | ٣٠٦٢ | ٠ | ٢٠٢٠٦٧٢ |

تا کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٢٢، بە کردەیی دوو ملیۆن و ٢٠ هەزار و ٦٧٢ ئۆتۆمبێل لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە و زۆرینەی ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکانیش کەوتوونەتە سنووری پارێزگای هەولێر و بەوەش جەنجاڵی و قەرەباڵغی زیاتر لە شارەکەدا دروست بووە. ڕۆژ بە ڕۆژیش تۆمارکردنی ئۆتۆمبێکی نوێ زیاد دەکات و بەوەش ژمارەی دیکە دەچنە سەر ژمارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو.

سالآنە باجی ژینگەی تەنیا ئۆتۆمبێلی تایبەت (بە خستنە سەری ئۆتۆمبێلەکانی کرێ) لە هەرێمی کوردستاندا دەکاتە ١٣ ملیار و ١٣٩ ملیۆن و ٧٣٠ هەزار دیناری عێراقی. هەروەها باجی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بە خستنە سەری (ئۆتۆمبێلەکانی بیناسازی و کشتوکاڵی) دەکاتە ١٠ ملیار و ٢١٩ ملیۆن و ٦٤٠ هەزار دیناری عێراقی و باجی ژینگەی ماتۆڕسکیلیش دەکاتە ٩٨ ملیۆن و ٧٢٥ هەزار دیناری عێراقی. جگەلە زیاتر لە ١٤٦ هەزار ئۆتۆمبێلی کارت و نزیکەی ٣٠ هەزار ئۆتۆمبێلی میری کە دیار نییە باجی ژینگەیان لێوەردەگیرێت یان نا.

بەکۆی گشتی باجی ژینگە کە سالآنە لە ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت نزیکەی ٢٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری عێراقییە. ئەوەش زیاترە لە هەموو بودجەی تەرخانکراو بۆ دەستەی ژینگە یان کەرتی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا بە خەمڵاندن لەسەر بنەمای دوایین یاسای بودجەی پەسندکراو لە هەرێمی کوردستاندا کە بودجەی (٢٠١٣) دەکات.

کێشەکە ئەوەیە، باجی ژینگە لە کەرتی گواستنەوە، بە هیچ شێوەیەک ناخرێتە ناو سندووقی ژینگە و لە هیچ پرۆژەیەکی ژینگەییدا خەرج ناکرێت، بەڵکو دەچێتە گەنجینەی گشتی و حکوومەت لە دابینکردنی مووچە و خەرجی دیکەی ناژینگەییدا بەکاری دەهێنێت.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

1. هەمـوارکردنەوەی یاسـای ژمـارە ٨ی سـاڵی ٢٠٠٨ پاراسـتن و چـاککردنی ژینـگە لە هەرێمـی کوردستان، بەشێوەیەک لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی بگونجێت و کەموکوڕییە تێبینیکراوەکانی تێدا پڕ بکرێتەوە.
2. پێدانی دەسەڵاتی سزادانی ڕاستەوخۆ بە چاودێرەکانی ژینگە بۆ سزادانی سەرپێچیکەران.
3. گێڕانەوەی سـەرجەم داهاتەکـانی کە لە بـاجی ژینـگە بەدیـاریکراوی لە کەرتـی گواسـتنەوە و کەرتی نەوت و بەرهەمەکانی دەست دەکەوێت و گواسـتنەوەی بۆ سـندووقی ژینگە و بەکارهێنـانی لە پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستاندا.
4. گرێـدانەوەی پۆلیسـی دارسـتان و ژیـنگە بە دەسـتەی ژیـنگە، بە جۆرێـک کە تەنیـا لە ڕووی کـارگێڕییەوە بە وەزارەتـی نـاوخۆ گرێـدراو بێـت. دابینکردنـی پێویسـتییەکانی مـادی و لۆجیسـتی بـۆ هێزەکە.
5. زیادکردنی تیمەکانی پشکنەری ژینگەیی لە فەرمانگەکانی ژینگە و یەکەی پشکنەری گەڕۆک لە شارۆچکە و شارەدێیەکاندا.
6. سنووردارکردنی تەواوەتی بەکارهێنانی مادە و کەرەستە پلاستیکییەکان بە بڕیاری حکوومەت، وەک قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کیسەی پلاستیکی (نایلۆن) لە مۆڵ و فرۆشگەکان و سفرەی سـەفەری و یان سـنووردارکردنی تەواوەتی بتڵی پلاسـتیکی و ڕێگەنەدان بە دروسـتکردنی هەر بتڵێکی پلاسـتیکی ئاوی خواردنەوە کە لە یەک لیتر کەمتر بگرێت.
7. دابینکردنی هێڵێکی گەرمی ژینگە کە هاووڵاتییان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بتوانن بە ڕاستەوخۆ و بێبەرامبەر لەڕێگەی ئەو هێڵەوە پەیوەندی بکەن و لایەنـی پەیوەندیدار لە هەر سـەرپێچی و پێشێلکارییەک ئاگەدار بکەنەوە.
8. چارەسەرکردنی تەواوەتی کێشـەی پاڵاوگە ناسـتانداردەکانی نەوت و کارگەکانی پاککردنەوەی ڕۆنی ئۆتۆمبێل و ئەو پاڵاوگەیانەی بە (تەسفییە دوو) ناودەبرێن.
9. پابەندکردنی مۆلیدەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بە دروستکردنی نـاوچەی سـەوزایی لە سـنووری کارکردنیاندا. وەک دروستکردنی پارک و باخچە لە سنووری ئەو گەڕەکانەی کاری تێدا دەکەن.
10. دەرکردنـی ڕێنمـایی تـۆکمە و تـایبەت بە هـاوردەکردن و بەکارهێنـانی قڕکەرەکـان و پەینـی کیمیایی.
11. چارەســەرکردنی کێشــەی زبڵــدانە گشــتییەکان و چارەســەریی ســتاندارد و زانســتی بــۆ پاشماوەکان.
12. فرەوانکردنـی خزمەتگوزارییەکـانی هەڵگـرتنەوە و کـۆکردنەوەی خـۆڵ و خاشـاک لە گونـد و ناوچەکانی دەرەوەی سنوورەکانی شارەوانیدا.
13. سنووردارکردنی تەواوەتی هەڵکەندنی بیری قوڵ و پشتبەستن بە ئاوی سەرزەوی.
14. چارەسەرکردنی کێشەی ئاوەڕۆی قورسی شارەکان.

15. پەرەپێدانی گواستنەوەی گشتی لەپێناو کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت.
16. کۆنترۆڵکردنی گازوایلی بەکارهێنراو لە مۆلیدەکانی کارەبا و سەرجەم کارگە و مەکینەکانی بە گازوایل کار دەکەن.
17. زیادکردنی ناوچە پارێزراوەکان، قەدەغەکردنی ڕاوی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی، بە جۆرێک کە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتنی باڵندە و ئاژەڵان بەتوندی چاودێری بکرێن.
18. جیاکردنەوەی ئاوەڕۆی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان لە ئاوەڕۆی گشتی.
19. بەڕێوەبردنی بەردەوامی هەڵمەتەکانی هۆشیاریی ژینگەیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لەڕێگەی میدیا و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە.
20. دانانی وێستگەی چاودێری گازی gas monitoring stations لە شارو شارۆچکەکان تاوەکو پەیتی مادە پیسکەرە هەواییەکان (گازو و تەنۆچکەکان) قیاس بکرێت و بەدواداچوونی بەردەوام هەبێت لەسەر کوالێتی هەواو بە شێوەی پێرسی جۆری هەوا Air Quality Index ، بە ئەنجامدانی ڕووپێوی هەوا تاوەکو هاووڵاتی بە ئاگابن لە جۆری هەواکە.
21. پێدانی سیفەتی چاودێر و پشکێنەری ژینگەیی بە فەرمانبەرانی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە و ژینگەپارێزەکان و ڕێکخراوەکان، بەجۆرێک سەرۆکی دەستە مافی ئەو دەستنیشانکردنەی پێبدرێت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان کە لە دەستە کاری پێدەکرێت .
22. بەهێزکردنی تێکۆشانی جەماوەری لە سەندیکا و ڕێکخراوە و بزووتنەوەکۆمەڵایەتییەکان دژ بە دەستدرێژییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و کۆمپانیاکان لەسەر مرۆڤ و ژینگە .
23. ڕەتکردنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی (خصخصە)ی سەرچاوەسروشتییەکان ( زەوی و ئاو دارستان و هەواو و وزەی خۆرو وزەی گەرمی و سەرچاوە ئاوییەکان .
24. نەهێشتن و لابردنی هەموو ئەو دەستدرێژیانەی کراونەتەسەر زەوی گشتی و پاوان و دارستانەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان.
25. دانانی سیستەمی ریسایکلین بۆ هەموو ئەو پرۆژەو چالاکییە هەمەچەشنانەی پێویست دەکات بۆیان دابنرێت .
26. دروستکردنی پشتێنەی سەوزایی بۆ هەموو شارەکانی کوردستان و دانانی سیستەمی ئاودێری دۆستی ژینگە .
27. فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی ئابوری و دارایی و پەرەپێدانی بەردەوام و ئابوری سەوز .
28. دارشتنەوەی ماستەرپلانی شارەکان و بونی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری گونجاو دووبارەهاوسەنگکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوان لە شارو گوندو پەرەپێدان بە ئابوری کشتوکاڵی خۆماڵی بە ڕێگەی ژینگەیی .
29. فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی دەستەی ژینگە بۆ هەر چالاکی و پرۆژە و هاوردەکردنی هەربەرهەم و مادەیەک بۆ ئەوەی ڕەچاوی مەرجە ژینگەییەکانی تێدابکرێت .
30. توندکردن و زیادکردنی سزاژینگەییەکان ودروستکردنی ژینگەی جێبەجێکردنی لە واقیعدا .

31. دانانی پلانی ستراتیژی ژینگەیی گشتی لە لایەن دەستەی ژینگە و لاینە پەیوەندارەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژینگەدۆستان و خۆگونجانی سیاسەتی گشتی دەوڵەت و حکومەت و ئایدیای سیاسی و ئابوری لەگەڵ ئەو پلانە لە پێناو پاراستنی ژینگەی کوردستان .

32. ڕووبەڕوو بونەوەی دەستدرێژییەکانی وڵاتانی دراوسێ کە بۆتە هۆی تێکدان و سوتاندنی ژینگەی ناوچەسنورییەکان و گوندەکانمان.